The Journal of Mesopotamian Studies
ISSN:2147-6659 / e-ISSN: 2687-6388

the journal of mesopotamian studies JMS

Yadollah, P. (2021) ڕەهەندەکانی کەسایەتی¬پێدان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا
*The Journal of Mesopotamian Studies*, 6 (2), 267-287, DOI: 10.35859/jms.2021.880268

# ڕەهەندەکانی کەسایەتیپێدان لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

# *REHENDAKANÎ KESAYETÎPÊDAN LE ŞI'RÎ ŞÊRKO BÊKES DA*

**MAKALE BİLGİSİ/ARTICLE INFO**

**Article Type/Makale Türü:**
Research Article / Araştırma Makalesi
Received / Makale Geliş Tarihi: **15.02.2021**
**Accepted / Makale Kabul Tarihi:** 15.09.2021
**Doi:** 10.35859/jms.2021.880268

Yadollah PASHABADI / **یەدوڵڵا پەشابادی**

Assistant Professor of Kurdish Language and Literature, University of Kurdistan; Member of the Kurdistan Studies Institute,
y.pashabadi@uok.ac.ir,
ORCID: 0000-0002-5781-4975.

**پوختە**

شێرکۆ بێکەس وەک بەرزترین ئاستی خەیاڵی داهێنەرانە لە شیعری کوردیدا، خاوەنی چەندان بەرهەمی ئەدەبییە کە دیمەنی خەیاڵیی زۆری تێدایە. بیر و خەیاڵی ئەم شاعیرە، سنووری ئاسایی و ئاقاری ئاشنای ئەدەبی سەردەمی بەزاندووە و لە هەر دیمەنێکی ساکاری ژیان و کۆمەڵگا بە وزەی خەیاڵ وێنای وەهای داهێناوە کە نموونەی ڕەسەنی و ئافراندنی ئەدەبین. ئاشنایەتیسڕی لە شیعریدا زۆر دەوری گێڕاوە و یەکێ لە هونەرە شیعرییەکانی شێرکۆ کەسایەتیپێدان/مرۆڤاندنە کە خۆی لقێکە لە هونەری ئاشنایەتیسڕی. لەم مەیدانەدا بیر و خەیاڵی ئەم شاعیرە بە شێوەیەکی سەرسووڕێنەر فڕیوە و دیمەن و وێنەی هونەرمەندانەی زۆری خولقاندووە. ئەم توێژینەوە بە شێوەی شیکاری-تەوسیفی دەیهەوێ ئەم هونەری کەسایەتیپێدانە لە شێعری شێرکۆدا بخاتە بەر باس و تیشک بخاتە سەر لایەن و ڕەهەندەکانی. شێرکۆ بێکەس لە چەند ڕەهەنددا ئەم هونەرەی بە کار هێناوە؛ جارێک گیاندارێکی هێناوەتە ڕیزی مرۆڤ؛ جارێکی تر تەنێکی بێگیانی مرۆڤاندووە؛ لە ڕەهەندێکی تردا ئەندامێک لە تەنێکی بێگیانی کردۆتە خاوەنی کەسایەتی؛ بەڵام بە پێی ئەم توێژینەوە گرنگترین ڕەهەندی کەسایەتیپێدان لە شیعری شێرکۆبێکەسدا ئەوەیە کە کاتێ کەسایەتی بە شتێک دەدا، لە سنووری ئاسایی و ناسراوی ئەدەبیاتی تێدەپەڕێنێ و تایبەتمەندییەکی پێوە دەنووسێنێ کە بەدەرە لە حاڵی ئاسایی مرۆڤ و هەر بۆیە دەتوانین بڵێین لووتکەی خولقاندن و هونەرنوێنیی شاعیر، لێرەدا دەردەکەوێ

**وشەکلیل:** شێرکۆ بێکەس، داهێنانی ئەدەبی، ئاشنایەتی سڕی، کەسایەتیپێدان، شێوازناسی، خەیاڵ، شیکاریی دەق.

## أبعاد صنعة التشخيص فی أشعار شیرکو بیکس

**الملخص**

إنّ شیرکو بیکس کقمة طیران الخیال فی سماء الشعر الکردی، قد أنشأ أعمالاً و آثاراً جمّة فی فضاء رحب مشبع بخیال وافر و مناظر محیرة للعقول. و له لبٌ و خیال أوسع قد اجتازا الثغور المکشوفة و المأنوسة فی حقل الأدب و قد أبدعَ من کل منظر من مناظر الحیاة الدارجة صوراً و تماثیل کأعلی نموذج للصورة و التمثیل. إن الغرابة و التغریب مضمار لعرض الشعر و الفن الذی قد برز فیه الشاعر شیرکو بیکس و نالَ ما نالَ من مدارج عالیة و أصبح من مظاهر فنه الشعری من ضمنه التشخیص؛ و فی ذلک خلقَ أشخاصاً ذات ضمیر واعٍ راقٍ؛ إذاما شخّصَ لم یخلق شخصاً عادیاً فحسب، بل شخصاً له خیال و له موهبة فذّة شاذة تُمیِّزه من الآخرین. فحیناً نراه یُرقِّی حیواناً إلی درجة أنسانٍ، و حیناً آخر نراه یبسط یده إلی جسم بلا روح فیکسیه روحاً راقیة کمثل الناس الممیزین. و فی هذا ینعکس فنه الشاذّ و الباهر، و هو خلق شخصیة بارعة ممتازة قد اجتازت حدود الشخص المأنوس.

**الکلمات الرئیسة:** شیرکو بیکس، الإبداع الأدبی و الفنی، الغرابة، التغریب، التشخیص، الخیال، تحلیل النص.

## Şerko Bêkes Şiirinde Kişileştirmenin Boyutları

### Öz

Kürt şiirinde imgelerin zirvesinde gezinen Sherko Bekas, üstün bir hayal gücü yelpazesine sahip pek çok muhteşem sahne yarattığı birçok harika edebi eser sunmuştur. Şairin düşüncesi ve hayal gücü, çağdaş edebiyatın geleneksel sınırlarını aşarak, günlük hayattaki sıradan bir sahneden veya edebi özgünlük ve yaratıcılığa örnek olan toplumdan bir imaj yaratmıştır. Yabancılaşma onun sanatında ve şiirinde geniş bir alandır. O, düşüncesine ve hayal gücüne sanatsal manzaralar yaratmak için muazzam bir şekilde monte ettiği, kişileştirme olarak bilinen bir dalda oldukça yetenekli olmuştur. Bu açıklayıcı-analitik araştırma, Sherko'nun şiirlerindeki kişileştirme tekniğini araştırmayı ve çeşitli yönlerini ve seviyelerini analiz etmeyi amaçlamaktadır. Sherko bir zamanlar bir insan seviyesine kadar bir canlandırmayı teşvik etmiş ve insan olarak cansız bir canlandırmayı yeniden yaratmış veya kişileştirme ve dolayısıyla aktivite ile cansız bir parça sağlamıştır. Bununla birlikte, bu araştırmaya dayanarak denilebilirki Sherko'nun şiirinde kişileştirmenin en önemli yönü, bir şeyi kişiselleştirdikten sonra, bir insanın sıradan koşullarının ötesinde belirli bir özellik vererek edebiyatın geleneksel sınırlarını aşmasına izin vermesidir. Böylece şairin sanatının ve yaratıcılığının zirvesi bu alanda bulunabilir.

**Anahtar Kelimeler:** Sherko Bekas, Edebi aktivite, Yabancılaşma, Kişileştirme, Tarz



## Dimensions of Personification in Shirko Bikas' Poetry

### Abstract

Hovering over the peak of imagery in Kurdish poetry, Sherko Bekas has presented several great literary works where he has created plenty of marvelous scenes with a transcendent range of imagination. The poet's thought and imagination have overpassed the conventional borders of contemporary literature, creating an image from any ordinary scene in life or the society that is exemplary of literary originality and creativity. Defamiliarization is an extensive field in his art and poetry, and he has been highly skillful in a branch thereof known as personification, where his thought and imagination have tremendously mounted to create artistic sceneries. This descriptive-analytical research seeks to

investigate the personification technique in Sherko's poetry, and analyzes its variety of aspects and levels. He has once promoted an animate up to the level of a human being, recreated a non-animate as man, or provided part of a non-animate with personality and therefore activity. Based on this research, however, the most significant aspect of personification in Sherko's poetry is that once he has personified something, he has let it overpass the conventional borders of literature, granting it a particular characteristic beyond the ordinary conditions of a human being. Thus, the peak of the poet's art and creativity can be found in this field.

**Keywords:** Shirko Bikas, Literary creativity, Defamiliarization, Personification, Stylistics.

## EXTENDED SUMMARY

Hovering over the peak of imagery in Kurdish poetry, Sherko Bekas has presented several great literary works where he has created plenty of marvelous scenes with a transcendent range of imagination. The poet's thought and imagination have overpassed the conventional borders of contemporary literature, creating an image from any ordinary scene in life or the society that is exemplary of literary originality and creativity. Defamiliarization is an extensive field in his art and poetry, and he has been highly skillful in a branch thereof known as personification, where his thought and imagination have tremendously mounted to create artistic sceneries. This descriptive-analytical research seeks to investigate the personification technique in Sherko's poetry, and analyzes its variety of aspects and levels. He has once promoted an animate up to the level of a human being, recreated a non-animate as man, or provided part of a non-animate with personality and therefore activity. Based on this research, however, the most significant aspect of personification in Sherko's poetry is that once he has personified something, he has let it overpass the conventional borders of literature, granting it a particular characteristic beyond the ordinary conditions of a human being. Thus, the peak of the poet's art and creativity can be found in this field



One of Sherko Bekas' prominent artistic techniques is to personify phenomena, objects, and creatures. He is extremely skilled in the area of personifying inanimate objects, creatures, human organs, and abstract entities in his poetry. He has an aptitude for provision of subjects with particular manifestations. That is, he grants the subject an especial state, a peculiar movement, or even thought and intellect that not only raises them up to the level of a human being but even differentiates them from ordinary humans. Thus, the subject reacts to and adopts a specific attitude toward the events, phenomena, and issues discussed in the theme of the poetry. This is frequent in most of Sherko Bekas' Diwans, particularly in Butterfly Valley.

The present research particularly investigated four collections of poetry as well as the above. Two methods of personification are evident and play an important part in these poems, used as semantic defamiliarization and ironic metaphor: to personify material objects (animate and inanimate) and to personify abstract phenomena and entities. In the former, he has personified items such as a pencil, a stone, bread, oil, and social classes as signified and signifier. In the latter, he has personified topics such as death, humanity, famine, injustice, justice, friendship, Ba'ath Party, liberty, peace, patriotism, and the like.

The overall results of the research suggest that the majority of the personification available in the examined poetry by Sherko Bekas can be categorized as material and sensational, where his use of natural elements has been manifested more evidently. In most cases, the prominent feature of Sherko's personification is observed, i.e. allocation of a significant, outstanding characteristic that leaves the subject extraordinary. Thus, most of the personification is distinctive, where the subject adopts an attitude toward and a reaction to an issue or event.

## پێشەکی

هۆنراوەکانی شێرکۆ بێکەس - هەرچەند بە ژمارە ئێجگار زۆریشن – زۆربەیان زیندوو، پڕجموجووڵ و وریان. تەکنیکی ئاشنایەتیسڕی (defamilarization) لە ئەدەبیاتدا تایبەتمەندییەکی شێوازناسانە دێتە ئەژمار. بۆ یەکەم جار فۆرمالیستی ڕووسی، شوکولۆفسکی1 (١٣٩٢: ٨١-١٠٥) ئەم زاراوە و ئەم تەکنیکەی بەکار هێنا. ئەم ڕەخنەگرە پێی وابوو کار و ئەرکی ئەدەبیات ئاشنایەتیسڕییە. ئاشنایەتیسڕی واتە سڕینەوەی ئەو زانیارییەی بە شێوەی ئاسایی و لە ڕووی عادەتەوە پەیدا بووە و یان نیشاندانی دیاردە بە شێوەیەکی تر و لە ڕوانگەیەکی ترەوە. ئەم کارە بە دوو شێوە دەکرێ: بە شێوەی واتایی و بە شێوەی پێکهاتەیی. ئەم هونەرە دەبێتە هۆی چێژبەخشیی زۆرتری ئەدەبی. کەسایەتیپێدان (personification) شێوازێکە لە نامۆکردن/ئاشنایەتیسڕیی/ئاشناییسڕینەوەی واتایی (سجادی، ١٣٩٥: ٦٧). ئەم هونەرە بە جۆرێک وەکوو ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێن منداڵ تا بەر لە حەوتساڵی هەموو شتێک بە گیاندار دەزانێ. شاعیریش لەو حاڵەیدا دەبێتەوە بە منداڵێک و وەک ئەوەیە کە بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە و هەموو شتێک بە گیاندار دەبینێت و جاروبارە ئەم بهگیاندارزانینە لە شیعرەکانیدا وەک هونەری کەسایەتیپێدان خۆی دەنوێنێ (محمدی و زارعی، ١٣٨٨: ١٠٦). ئەم هونەرە بە جۆرێ دەگەڕێتەوە سەر تەرزی بیر کردنەوەی مرۆڤی کەونینە؛ چونکە لە پێشیشدا واتە لە سەردەمانی کەوناردا مرۆڤ هەموو شتێکی بە گیاندار زانیوە (شمیسا، ١٣٨١: ٦٥). بۆیە بنیاتی ئینسانشێوەیی و گیاندارخوازی لە خواستنی درکاودا دەگەڕێتەوە سەر فەرهەنگی کەونینە و باوەڕ و ئەندێشە ئوستوورەییەکان (کزازی، ١٣٩٣الف: ١٢٧). لە چاو مرۆڤی ئوستوورەییەوە دار و درەخت و چەم و دیاردە سروشتییەکانی تر مرۆڤڕەنگن، تەنانەت تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ بڵێین: مرۆڤن بەڵام لە جۆرێکی تر (هەمان: ١٢٨). کەوابوو ئەمە ڕاستە کە خواستنی درکاو لە وێژەدا بیرەوەری و یادگارێکە کە لەو بنیاتە جیهانناسانە کۆنینەوە بەجێماوە. بەم پێیە دەکرێ بڵێین لە ناخی هەر شتێکدا ژیانێکی نادیار و شاراوە هەیە کە ئەرکی شاعیر ئاشکراکردنی ئەو ژیانە شاراوەیەیە (سلێوە عیسا، ٢٠٠٩: ٩٠). شاعیری ڕاستەقینە و بەدەسەڵاتیش ئەو شاعیرەیە کە گەیشتۆتە ئەوپەڕی ئەو توانایە (ضیف، ١٩٧٦: ١٧١). هەردووی ئەم دیاردانە کە لێکۆڵینەوەیان کارێکی شێوازناسانەیە، لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا لە پانتاییەکی بەریندا بەر چاو دەکەون و ناسینیان دەبێتە هۆی دەرخستنی لایەنێکی تر لە شێوازی ئەم شاعیرە و باری جوانیناسانەی هونەری شاعیرییەکەی. ئەم تەکنیکە یەکێ لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی شێوازی شیعری شێرکۆیە. هەر وێنایەکی خەیاڵی کە شاعیر لە سۆنگەی کەسایەتیپێدانەوە دەیخولقێنێ، هەستونەست و سۆز و دڵبەستەیی قووڵی خۆین هەمبەر بە ئەو دیاردە/بابەتە.

## پێشینە

کەسایەتیپێدان لە ئەدەبیاتدا مێژوویەکی دوور و درێژ بە درێژایی خودی ئەدەبیاتی هەیە. هەر بەو شێوە ڕەخنەگران و توێژەران و لێکۆڵەران ئاوڕیان لێداوەتەوە و لایەنی جوانیناسییەکەیان خستۆتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەکانیان. لە کتێبەکانی ڕەوانبێژیی کلاسیکدا لە ژێر ناونیشانی خواستندا بابەتی پێوەندیدار بە کەسایەتیپێدانەوە بەدی دەکرێ. لە وێژەی عەرەبیدا عەبدولقاهیری جورجانی (٤٧١هـ) لە کتێبی مەزنی أسرار البلاغةدا بە وردی بابەتی خواستنی شیکردۆتەوە و زۆر لە سەری ڕۆیشتووە و بە یەکێ لە جوانترین هونەرەکانی ڕەوانبێژیی ژماردووە (الجرجانی، ٢٠١٤: ٤٠). ئیبنوئەسیر (٦٣٧هـ) لە کتێبە مەزنەکەیدا بە ناوی المثل السائر فی أدب الکاتب و الشاعر گەرچی بە ڕواڵەت ناوی التشخیص (کەسایەتیپێدان)ـی نەهێناوە، بەڵام بە نموونەکانی و بە شرۆڤە و ئاماژە و لێکۆڵینەوەکانی، هەموو باسی ئەم هونەرەی کردووە و بە جۆرێک لە ڕەواندنەوە و پەرەپێدان (التوسع)ـی داناوە (ابن الأثیر، ١٩٧٣: ٨١/٢). سەککاکی (٦٢٦هـ) لە کتێبی مفتاح العلومـدا زۆر ورد و دەقیق پەرژاوەتە سەر بابەتی خواستنی درکاو کە کەسایەتیپێدان لە دڵی ئەم جۆر خواستنەدایە. ئەو بە شوبهاندنی شاراوە یا نادیار ناوی بردووە (السکاکی، ١٩٨٢: ٦٠٩-٦١٠). هەروەها لە کتێبی أنوار الربیعـدا لە ژێر زاراوەی الاستعارةدا (معصوم المدنی، ١٩٦٨: ٢٥٢/١-٢٥٤) ئاماژەی پێکراوە. خاوەنی کتێبی معجم المصطلحات البلاغیة و تطورها (٢٠٠٧: ٨٨)ـش باسێکی لەسەر هێناوە. شەوقی زەیف لە کتێبی الفن و مذاهبە فی الشعر العربیـدا کاتێ باسی هونەری وێنەگەریی ئبنوڕوومی دەکا، ئاوڕی لەم بابەتی کەسایەتیپێدانە داوەتەوە (ضیف، ١٩٨٧:

1 Viktor Shklovsky

٢٠٧-٢١٢). لە زمان و ئەدەبی فارسیشدا ئاوڕیان لێداوەتەوە؛ محەمەدڕەزا شەفیعی کەدکەنی (١٣٧٥هـ/١٩٩٧) لە کتێبی صور خیال در شعر فارسیـدا بەشێکی تەرخان کردووە بۆ بابەتی کەسایەتیپێدان و دەتوانین بڵێین جوانتر و پوخت و پاراوتر لە توێژەرانی تر لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە (شفیعی کدکنی، ١٣٧٥: ١٤٩-١٥٦). کەدکەنی بە دوور و درێژی ڕەخنەی لە توێژەرانی کۆنی ئەدەبی ئیسلامی گرتووە و پێداچوونەوەی بە کار و بەرهەمەکانیاندا کردووە و ئینجا لە ژێر دوو بەشی کەسایەتیپێدانی پوختە و بەربڵاودا دەستەبەندی کردووە. لە ئەدەبی کوردیشدا کەم و زۆر باسی لێوە کراوە؛ بۆ وێنە ئیدریس عەبدوڵا لە کتێبی لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا (بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی)دا، ئاماژەی پێکردووە. ئەم نووسەرە لە ژێر سەردێڕی خواستنی درکاودا چەند نموونە شیعری لێکداوەتەوە کە هەموو لەخۆگری کەسایەتیپێدانن (عەبدوڵا، ٢٠١١: ١٩٦-١٩٧). توێژەر جەبار ئەحمەدحسێن لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی ئیستاتیکای شیعری کوردی-کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠ـدا لە چەند ئاستدا خواستن و کەسایەتیپێدانی خستۆتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە و نموونەشی لە شیعری شێرکۆ بێکەس هێناوەتەوە (ئەحمەدحسێن، ٢٠٠٨: ٣٣٢-٣٣٣). موحەمەدحسێنی یەمین (١٣٧٨) لێکۆڵینەوەیێکی لە ژێر ناوی «تشخیص از دیدگاه زبانشناسی»ـدا پێشکەش کردووە کە تێیدا ئاماژەی کردووە بەوەی کە «کەسایەتیپێدان لە زمانناسیدا شێوەیەک لە خوازەیە؛ واتە جار جار وشەی تایبەت بە بوونەوەری بێگیان و پەلەوەران و گیانلەبەران لە پێناو ئامانجێکی گرنگدا لە ڕواڵەتی ئینساندا پیشان دەدرێن؛ ئەویش بۆ بایەخی زۆرتر دان بە قسە/دەق و هەروەها بۆ جەخت کردنی زیاتر لە سەر بابەتی قسە/دەقەکەیە» (یمین، ١٣٧٨: ٨٤-٨٥). «فرافکنی و شخصیت-بخشی در شعر حافظ» (١٣٨٥) ناونیشانی توێژینەوەیەکی تری لەم بابەتەیە کە توێژەر چەند شێوازی بۆ کەسایەتیپێدان لە شیعری حافزدا دۆزیوەتەوە. مەهدی ماحووزی و هاوکارانی (٢٠١٨) لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی «القلب و الروح فی قصائد الشمس الغزلیة مع عنایة خاصة بصنعة التشخیص»، چەند خاڵێکیان سەبارەت بە خودی سەنعەتی کەسایەتیپێدان خستۆتەڕوو. یەکێ لەو خاڵانە بانگکردنە، بەو شرۆڤەیە کە هەر شتێکی غەیری مرۆڤ یا بێگیان کاتێ بانگدەکرێ و دەکرێتە بەردەنگ، بەو واتایەیە کە کەسایەتیپێدراوە و هاتۆتە ڕیزی مرۆڤ. یەکێکی تر لە تەوەرەکانی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە کار و کردەوەی مرۆڤ دەدرێتە پاڵ دڵ یا ڕۆح و بەو شێوەیە کەسایەتییانپێدەدرێ. هەروەها کەسایەتیپێدانێکی دوولایەنەی بۆ دڵ و گیان داناوە. عەلی محەمەدی و جەمیلە زارعی، لە توێژینەوەێکدا بە ناوی «بررسی و تحلیل آرایة تشخیص در سرودەهای قیصر امینپور» تا ڕادەیەک بە وردی چوونەتە بنج و بناوانی ڕازەی کەسایەتیپێدان و تایبەتمەندییەکانی. «جلوەهای تشخیص در تشبیه» (١٣٩٣) توێژینەوەیەکی ترە کە باسی کەسایەتیپێدانی لە ڕەهەندێکی ترەوە کردووە؛ بە پێی ئەم توێژینەوەیە کەسایەتی-پێدان تەنیا لە خواستنی درکاودا دەور ناگێڕێ، بەڵکوو وا دەبینین لە شوبهاندنیشدا دەردەکەوێ و زۆرێک لە شوبهاندنەکان کەسایەتیپێدانیان لەگەڵدایە (ابن الرسول و حسینی، ١٣٩٣: ٩). هەروەها عیففەت نیقابی (١٣٨٠هـ/٢٠٠١) لە توێژینەوەی «بررسی عنصر تشخیص در سرودەهای کمال الدین اسماعیل»ـدا لە دوو ڕەهەندی کەسایەتیپێدانی پوختە و بەربڵاودا باسی کردووە و ئاماژەی بە ئەو سیفەتە ئینسانانە کردووە کە دراونەتە پاڵ شتەکان و بوونەتە نیشانە و دروشمی کەسایەتیپێدرانیان. لە توێژینەوەیەکی تردا لە ژێر ناوی «آشناییزدایی زبانی در آثار دولت-آبادی» (محمدی فشارکی و صادقیان، ١٣٩٢: ١٥٤) خواستن و کەسایەتیپێدان لە دوو کورتەچیرۆکی مەحموود دەوڵەتئابادیدا خراوەتە بەر باس.

شێرکۆ بێکەس وەک یەکێ لە شاعیرانی نوێخوازی کوردی لە زۆر ڕوانگە و لایەنەوە تیشکی خراوەتە سەر و لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە. جگە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانی لەو چەشنە، وەکوو کتێبێکی ئاکادیمیک هاوژین سلێوە عیسا لە ژێر ناونیشانی بنیاتی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا، زۆر بە وردی و زانستییانە بابەتەکانی شیکردۆتەوە. لێکۆڵینەوە و شیکارییەکانی سلێوە لە یەک دوو شوێندا تیشکی خستۆتە سەر بابەتی کەسایەتیپێدانیش. ئەم توێژەرە لە ژێر سەردێڕی «بەکەسکردن»دا دوای پێشکەشکردنی تاریفەکانی ئەم هونەرە لە لای ئەدیبان و ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەدەب، ئاوڕی لە بایەخی کەسایەتیپێدان لە بیروباوەڕی دەروونناسانیشدا داوەتەوە (سلێوە عیسا، ٢٠٠٩: ٨٩). شێرزاد هەینی لە دیمانەیەک بە ناوی ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا زۆر پرسیاری وروژاندووە و زۆر بابەتی هێناوەتە ڕوو؛ بۆیە شاعیر خۆی لەوێ چەند خاڵی گرینگی لەمەڕ کەسایەتی و چۆنێتی ئاشنایەتیسڕییەوە دەربڕیوە.

شێرکۆ بێکەس و شیعرەکانی گەرچی بە شێوەی گشتی و لە بوارە جۆربەجۆرەکانی ترەوە خراونەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؛ بەڵام سەبارەت بە هونەری کەسایەتیپێدان لە شیعری شێرکۆدا تا ئێستا توێژینەوەیەکی ڕاستەوخۆ و جیاواز و تایبەت پێشکەش نەکراوە و هەر ئەمەش گرنگی و پێویستیی ئەم توێژینەوەیە زەقتر دەکاتەوە.

## گرنگی و پێویستیی توێژینەوە

شێرکۆ بێکەس دەکرێ لە چەندین و چەندان بواردا وەک شاعیرێکی بلیمەت بناسرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. ئاسمانی خەیاڵی ئەم شاعیرە هێندە بەرین و بەرفراوان و ئاسۆی ئافراندن و داهێنانی شیعریی شێرکۆ ئەوندە بەهێز و پڕبەرهەمە کە پێویستە لە هەر دەم و سەردەمێکدا گەلێک توێژینەوەی لەسەر بکرێ تاکوو زیاتر بناسرێ و بەرهەمی هزر و بیری بخرێتە ڕیزی بەرهەمی شاعیرانی ئافرێنەر و

داهێنەری سەرانسەری جیهانەوە. یەکێ لەو بوارانەی کە دەتوانین بە پشکنین و گەڕان گەوهەری هێژای تێدا بدۆزینەوە، لایەنی خەیاڵی شاعیرانە و خولقاندنی وێنای خەیاڵاوییە کە لە کەسایەتیپێدانەکانی ئەم شاعیرەدا زۆر نموونەی سەرسوڕهێنەر بەدیدەکرێ. شێرکۆ لە هەر دیمەنێکی خەیاڵی و شاعیرانەیدا توانیویە بە هێزی خەیاڵ و ئەفراندنی خۆی و بە ئاشنایەتیسڕی و وێناگەلی نوێ، لە وێناندنی ئاسایی و کلیشەیی، خۆی بپارێزێ و بەرەو لووتکەی داهێنان سەرکەوێت. بە بۆنەی ئەوەی کە لە سەرجەم بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا کەسایەتیپێدان وەک لقێک لە ئاشنایەتیسڕیی واتایی بە ڕێژەیەکی زۆر خۆی دەنوێنێ و لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین یەکێ لە بنیاتەکانی هونەری شیعری شێرکۆ کەسایەتیپێدانە و ئەم هونەرە لە شێوازناسی شیعری ئەم شاعیرەدا وەک بنەمایەکی گشتی دێتە ئەژمار، شایانی توێژینەوەیە.

بۆ ئەم توێژینەوەیە گەرچی سەرجەم بەرهەمەکانی شاعیرمان پشکنیوە، بەڵام زۆرتر لە دەربەندی پەپوولە، ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە، ئێستا کچێک نیشتمانمە، تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین، تەون، حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک، خێرا کە مردن خەریکە بگات، ڕووبار، زێ و زنە، کتێبی ملوانکە کەڵکمان وەرگرتووە.

### ئاشنایەتی سڕی واتایی لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا

ئاشنایەتیسڕی دەتوانێ شیکاری و توێکاریی زانستی شێوازناسی بەرینتر و پڕبەهرەتر بکاتەوە؛ تەنانەت هەندێ لە توێژەران ئەم هونەرە بە خودی شێواز دەزانن (السد، ۱۹۹۷: ۱۷۹). وێنای خەیاڵی وەک شوبهاندن، خوازە و خواستن هەمیشە دەبنە هۆی تازەگەری و پارێز لە پاتبوونەوەی وێنە کلیشەییەکان. کاتێ باس لە ئاستی جێگری یا ئاستی واتایی وشە دەکرێ، خواستن خۆی زەق دەکاتەوە و خۆی دەنوێنێ، چونکە خواستن گەوهەرێکە کە بەرهەمی ئەدەبی بەبێ ئەم گەوهەرە نابێتە شیعر. لە باری مێژووییەوە ڕەنگە یەکێ لەو یەکەمین کەسانە کە ڕاستەوخۆ ئاماژەی کردووە بە ئەم جۆرە خواستنانە فەیلەسووفی ئیتالی سەدەی نۆزدەم گیامباتیستا (Giambattista) بێ (أبوالعدوس، ۱۹۹۷: ۱۷). خواستن کە خۆی بە دوو شێوەی ڕاشکاو و شێوەی درکاو دێتە بەرهەم (بڕوانە: عەبدوڵڵا مستەفا، ۲۰۱۱: ۱۹۶)، یەکێ لە بەرین-ترین مەیدانەکانی خولقاندنە کە شاعیران ئەسپی خەیاڵی خۆیان تێدا تاو داوە و شێرکۆش یەک لەوانەیە کە لەم مەیدانەدا ئەسپی زۆر خێرا و بەدەوە. خواستنی درکاو کە لە لای هەندێ لە پسپۆڕان بە خواستنی جۆری دووهەم بەناوبانگە، بە دوو شێوەی ڕەپاڵخراو (وەک چنگی مەرگ) و ڕەپاڵنەخراو خۆی دەنوێنێ (شمیسا، ۱۳۹۳: ۵۹). لە خواستنی درکاودا هەر کات پێشوبهێنراوەکە مرۆڤ بێت، پێی دەڵێن کەسایەتیپێدان. لە ڕاستیدا هەر بەو جۆرەی کە عەبدوهـ قەلقیلە ئاماژەیپێداوە، ڕازی خواستنی درکاو هەر لە کەسایەتیپێدانەکەیدایە؛ چونکە لە چاو خواستنی ڕاشکاودا خەیاڵێکی بەرزتر و ئێجگار زۆرتری تێدایە (عبده قلقیلة، ۱۹۹۲: ٦٦). کەسایەتیپێدان وەک بەشێ یا لقێک لە خواستنی درکاو یەکێ لەو بوارانەیە کە ئەم شاعیرە بۆ دەربڕینی هەستونەست و کەڵکەڵەی خۆی کەڵکی لێوەرگرتووە.کەڵک وەرگرتن لە خواستنی درکاو نیشانەی هێز و دەسەڵاتی ئەدەبی و زمانی شاعیر و جوانی و ئاستبەرزیی داهێنانەکەیەتی.

### کەسایەتیپێدان

کەسایەتیپێدان جۆرێ خوازەیە کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە ئەدەبیاتدا بەکارهێنراوە و یەکێ لە جوانترین و جوانیخولقێنترین ڕازە ڕەوانبێژییەکانە و هەر لە کۆنەوە جێی سەرنجی ئەدەبیاتناسان بووە؛ بۆ وێنە ئەرەستوو لە نامیلکەی وتەبێژیدا ئاماژەی پێکردووە و «بە جۆرێک هێزی بزاڤ و ژیان بەشتاندان»ی ناساندووە (میرصادقی، ۱۳۷٦: ۷۰). لەسەر دوو کۆڵەکەش دادەمەزرێ: لە لایەکەوە کەس یا بوونەوەرێکی گیاندار و لە لایەکی ترەوە شتێکی بێگیان (ابن الرسول و حسینی، ۱۳۹۳: ۹). لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانی ئەورووپییەوە کەسایەتیپێدان بریتییە لە چەسپاندنی تایبەتمەندیی مرۆڤ بە غەیری مرۆڤەوە، یان بەکارهێنانی سیفاتی ئینسان بەتایبەت هەستونەستی ئینسانی بۆ شتانی ئینتزاعی، زاراوەگەلی گشتی و بابەتگەلی غەیری ئینسانی و گیاندارەکانی تر (شفیعی کدکنی، ۱۳۷۵: ۱-۱۵۰). شەفیعی کەدکەنی وەک ڕەخنەگرێکی ئێرانی دوای گەڕان و پشکنینێکی بەربڵاو بە سەرچاوە کۆن و نوێکاندا لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «مەبەست لە خواستنی درکاو، هەر ئەو کەسایەتیپێدانەیە، تەنیا ئەوندە هەیە کە لە مەیدانی کەسایەتیپێداندا بابەتەکە لە مرۆڤی تێپەڕاندووە و حەیوانەکانی تریش دەگرێتەوە» (شفیعی کدکنی، ۱۳۷۵: ۱۵۳). ئەم هونەری وێنەسازییە بە جۆرێک هەم شاعیر و هەم وەرگر/خوێنەر هان دەدا بەرەو ئەوەی کە قەبووڵ بکەن کە هەموو ڕەگەزێک لە سروشتدا خاوەن گیان و هەستونەست و سەرجەم تایبەتمەندییەکانی مرۆڤن (ابن الرسول و حسینی، ۱۳۹۳: ۱۱). لە باری زمانییەوە ئەم جۆرە خواستنە تەرزێ لادان و لەنۆرمدەرچوون و ئاڵۆزییە (کزازی، ۱۳۹۳ب: ۱۲۳). لە خواستنی درکاودا پێشوبهێنراوەکە لە زۆرترین حاڵەتدا مرۆڤە و وەک کەزازی (۱۳۹۳الف: ۱۲۷) جەختی لەسەر کردووە بنیاتی خواستن لەسەر ئینسانوارەیی و گیاندارخوازییە. بە واتەیێکی تر بەربڵاویی مرۆڤ، جیهانە، و پوختەی جیهان مرۆڤە (هەمان: ۱۲۸). ئەم تەکنیکە زۆرتر لە ناو ڕۆمانتیکەکاندا برەوی هەبوو؛ چونکە ئەوان دیاردە سروشتییەکانیان وەک مرۆڤێک فەرز دەکرد و دەگەڵیاندا هاودەردییان دەنواند و هەستونەستیان دەگۆڕایەوە. بە ناڕەحەتیی ئەوان ناڕەحەت

دەبوون و بە خۆشحاڵییان دەگەشانەوە (احمدی و همکاران، ١٣٩٨: ٤٤). لە قورئانیشدا وا دەبینین کە هەموو شت تەنانەت جامداتیش قسە دەکەن و وەک بوونەوەرێکی ژیر و هزرمەند دەجووڵێنەوە و بزاڤ و دانوستانی تایبەت بە خۆیان هەیە (المطعنی، ١٣٨٨: ٣٤٣). کاتێ شاعیر سیفەتەکانی مرۆڤ دەگواستێتەوە بۆ سروشت و ئاژەڵان، بەم کارەی هەست و سۆزی دڵ و دەروونی خۆی دەردەبڕێ (سڵێوە عیسا، ٢٠٠٩: ٨٩).

لێکۆڵینەوەی شیعری شێرکۆ بێکەس بۆمان دەردەخات کە ئەم شاعیرە نەک هەر جامدات و ماکی فیزیکی و هەستی هێناوەتە ڕیزی مرۆڤ، بەڵکوو گەڵێ جاران واتا و بابەتی ئینتزاعیشی بەسەر کردۆتەوە و گیان و هەستونەستی ئینسانانەی پێبەخشیون. کەسایەتیپێدان لە شیعری شێرکۆدا لەم ئاستەی تێپەڕاندووە و کەوشەنی گیانبەخشیی بە چەندین قۆناخ بەزاندوو و سۆز و هەستونەستی ئینسانانەی بردۆتە ناخی بوونەوەرانی بێگیان و جامداتی ترەوە و هەستی هاوسۆزی و دەردەدڵی و بیروڕاگۆڕینەوەیانی جووڵاندووە. دەتوانین بڵێین ئەم هونەرە «ڕەگەزی زاڵ»ـی شیعری شێرکۆ بێکەسە. ڕەگەزی زاڵ کلیلی بووتیقای فۆرمالیستییە. یاکۆبسن ئاوا باسی دەکات: «ئەو بەشەی لە بەرهەمی هونەری کە سەرنج ڕادەکێشێ، ئەم بەشە بەسەر بەشەکانی تردا زاڵە و وەک بەڕێوەبەریانە؛ دیارییان دەکات، گۆڕانیان بەسەردا دەهێنێ و لە ئەنجامیشدا هەر ڕەگەزی زاڵە کە یەکپارچەیی و یەکێتی پێکهاتەی بەرهەم دابین دەکات» (Jakobson, ١٩٨٨: ٢٥). لە شیعری شێرکۆدا بە پێی ئەو پێناسەیەی یاکۆبسن، کەسایەتیپێدان ڕەگەزی زاڵە. لەم بەشەی دواییدا دەپەرژینە سەر ڕەهەندەکانی کەسایەتیپێدان لە شیعری شێرکۆدا و نموونەکانی کە نوێنەری شێوازی شیعری ئەون، شیدەکەینەوە.

## کەسایەتیدان بە دیاردەی ماددی و هەستی

کرۆچە دەڵێ: سروشت لە هەمبەر هونەرەوە گێلۆکەیە و ئەگەر مرۆڤ نەیهێنێتە قسە، لاڵە (١٣٤٤: ١٠٨). بە واتایەکی تر ئەوە مرۆڤە کە بە وێنای خەیاڵی و نواندنی شاعیرانە جووڵە و بزاڤێک دەخاتە نێو سروشت و ئینجا لە گەڵی هەستونەست دەگۆڕێتەوە، چونکە لە ڕاستیشدا ئینسانی شاعیر لە سروشتدا تەنیا دیمەنێکی بێگیان نابینێ و بەس، بەڵکوو عەینی کەسگەلێکی بزۆز و خاوەن جووڵە و هەڵس و کەوت دەیبینێ (الراغب، ٢٠٠١: ١٩٩). گەڵێ جار شێرکۆ بێکەس بە هێزی خەیاڵی ئەفرێنەری خۆی دەستی بردۆتە ناو دیاردەگەلی سروشتی و ماددی و دیمەنێکی ئینسانی پێبەخشیون. کاتێ بەم چاوەوە لە شیعرەکانی دەکۆڵینەوە تێدەگەین کە هەموو ڕەگەزێکی ماددی و بێگیانی سروشت لە بەر چاومانەوە لێوڕێژی جووڵە و بزاڤ و حەیاتن و هەست دەکەین هەموو سروشت گینگڵدەدا و ژانی ژیان گرتوویەتی و خەریکە ژینی دەبێ. لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا هەموو تەن و جیسم و ئەندامێکی سروشت خاوەن شوعوور و هەستونەستە، چیا دەشڵەژێ، درەخت و تاڤگە و ڕووبار سەرسام ئەبن (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥١٥/٣). شاخ و باخ دەبنە مرۆڤ و دەکەونە گەڕان و سۆراخ کردن: «ئەوەتەی شەپۆلی ئەم ئاوە باڵشینە فڕیوە/باخەکان بە دوایدا ئەگەڕن/ئەوەتەی ئەم هەورە ڕۆیشتووە/شاخەکان بە دوایدا ئەگەڕن» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٧٥/٣). لە دیوانی ئێوە بە خۆشەویستیم دەسپێرنـدا دیمەنێک دەبینرێ کە بە کەسایەتیپێدانێکی بێوێنە ڕازاوەتەوە: «چوارچێوەیەکی بێوێنە بەرامبەرمە و/چەندین وێنەش/لە سەر مێزم چاوەڕوانن!/یەک چوارچێوە و ڕیزێ وێنە و/هەر هەموویشیان خۆشەویستن!/وێنەی گزنگی منداڵیم./وێنەی خۆرنشینی دایکم./وێنەی هاوارێکی باوکم./وێنەی شیعری هەرزەکاریم./وێنەی یەکەم ماچی مانگی/هەنگوینی خۆم و ژنەکەم./وێنەی مەستیم/لە بەردەم بورجی ئیڤڵدا./وێنەی...وێنەی...وێنەی.../یەک هێلانە و پۆلێ وێنە./دڕدۆنگیەک لە ناو دڵدا و/تیا مام کامیان هەڵبژێرم/چاویلکەم خستە لاوە../ئەمجارەیان چوارچێوە خۆی/لەسەر دیوار هاتە خوارێ و/بێدوودڵی دەستی دایە وێنەیەکیان/هەڵیگرت و/خستیە ناو ڕۆحی خۆیەوە:/وێنەی خۆرنشینی دایکم!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٩/٦-٢٥٨). لێرە دەبینین شاعیر مەسیحئاسا گیان دەکاتە بەر ئەم چوارچێوە/قاپە و ئەویش جموجووڵی مرۆڤانە پەیدا دەکا؛ یەکەم: ئەوەی کە لە سەر دیوار دێتە خوارێ، واتە پێ و هێزی هاتن؛ دووهەم: ئیرادە و یەقینی هەیە (بێدوودڵێ)؛ سێهەم دەستی هەیە و شت هەڵدەگرێ؛ چوارەم زی ڕۆحە. هەروەها دەبینین کێو دەکاتە مرۆڤ و چەند هێمای تایبەتیی بۆ دادەنێ و لە سەروبەندی کارەساتەکانی شەڕی بەعسدا کاتێ بە هەموو هێزی چەک و کەرەسەی شەڕەوە هێرش دەکەنە سەر کوردستان، دەڵێ: «کێوان دەستیان بە کڵاوی لووتکەوە گرتبوو/هەتا بەعس نەیفڕێنێ». لەم دیمەنەدا کێو مرۆڤە و هەستونەست و ترس و سەر و دەست و کڵاوی بە ڕاشکاوی بۆ دانراوە. جارێکی تر دەبینین کە شاخ و داخ قسە دەکەن و باسی شتێک دەگێرنەوە. ئاو و زەریایش هەر بە هەمان شێوە (بێکەس، ١٣٩٤د: ٩-١٧٨). ئەشکەوتیش بە سیفەتی مرۆڤانەی گریان کەسایەتیپێدراوە (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢١). باخ و دار و گژ و گیا ئێجگار زۆر کراونەتە خاوەنی کەسایەتی: «نازانم چۆن چاوم لێبوو/باخێک ماچێکی نارد بۆ ئاوا!» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٦٥). یا ئەبینین باخ لە قاڵبی مرۆڤێکی عاشقدا دەور دەگێڕێ: «کچێکی جوان ژمارەی تەلەفۆنەکەی دا باخێ...» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٦٩). با قسە دەکا (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٦٩ و ١٨١). ڕووبار گومان دەکات (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٠٠).

هەروەها کەرەسەی پێویستی ناوماڵە و پۆشاک و خوردوخۆراک ڕەهەندێکی تری کەسایەتیپێدان لە شیعری شێرکۆدا پێکدەهێنن. بەو واتایەی کە گیان دەبەخشێتە ئامراز و کەرەسەگەلێکی پێویست کە لە ژیانی ڕۆژانەدا دەور دەگێڕن و کەڵکیان لێوەردەگیردرێت. بۆ وێنە تەنافی جلهەڵخستن کە جووتێ گۆرەویی لە سەر هەڵخراوە، کاتێ با تایەک لە گۆرەوییەکە دەفڕێنێ، دەگەڵی دێتە قسە: «ئەمە کۆتایی

ئێوە بوو/لە ئێستەوە، نە ئەو هیچ کەسێ ئەیەوێ/نە تۆ کە هێشتاکە ماوی/ئێوە بە جووت نەبێ ناژین» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٦٠/٦). یا وەک لێکدراوی «پانتۆڵێکی غەمگین»، لە دەقی: «چەند هەزارێکی چرچ و لۆچ/لە گیرفانی پانتۆڵێکی غەمگینایە» (بێکەس، ١٣٩٤ب: ١١). لە ناو خواردەمەنیدا وەک دەزانین دیارە کە لە فەرهەنگی کوردەواریدا تا هەنووکەش نان و ئاو گرنگترین پێخۆری مرۆڤی کوردن. لە شیعری شێرکۆدا دەورێکی ئێجگار مەزن بەم دوانە دراوە. جار-جار تایبەتمەندیی قسەکردنیان بۆ تەرخانکراوە: «ئاو پێی ئەوت: تۆ نەرمتری یا خود من؟/نان پێی ئەوت: من برسیمە و بەڵام ئەی تۆ برسیت نەبووە؟» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٩). لە خواردەمەنییەکان بۆ نموونە کولێرە و ئاو لێکدەدەینەوە: «لە بازاڕا/کولێرەیەک وەنەوزی دا و/لە کۆپانەکەی بلەی حەماڵا/خەوی لێکەوت/لە خەویا خۆی دی/بۆتەوە بە هەویر و/خەریکن بۆ میر بە زۆر ئەیکەنەوە/ئەو کاتەی ویستیان پێوەی دەن/ترسا و داچڵەکی/بلە هاتەوە و/کولێرە گریاوەکە چاوی سڕی و بۆی پێکەنی/وتی: ئۆخەی!! تۆ ئەمخۆیت و خەوەکەشم نایەتە دی!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥١١/٣). کولێرە وەک خواردەمەنییەک گیان و هەستونەست و شوعوورێکی وای پێدەبەخشرێ کە جیاوازی دادەنێت لە نێوان شتەکان و ئینسانەکاندا. ئەو دەبێتە خاوەنی هزر و بیروڕا، و هەڵوێست دەگرێ بەرامبەر بە دیاردەکان، وەک بەرامبەر بە زوڵم و زۆر؛ چونکە دەبینین لەو کاتەیدا کە دەبێتەوە بە هەویر تا بکرێتەوە بە نان بۆ میر، وەڕەزی و تووڕەیی و ناڕەزایەتی دایدەگرێ و لە ترسی ئەو چارەنووسەیدا دادەچڵەکێ. ئینجا دەبێتە گیاندار/مرۆڤێکی زۆر دڵناسک و خاوەن هەست؛ دەگری (کولێرە گریاوەکە)؛ بڕیار دەدا (بەرپەرچ دانەوە، سەرپێچی کردن)؛ ئاوات و ئارەزووی لە دڵدایە، ئارەزووی ئەوەی کە بلەی حەماڵ بیخوا؛ دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی کاتێ لەو خەونە ناخۆشە ڕزگاری دەبێ و دەزانێ کە دەبێتە خۆراکی بلە نە کەسێکی تر بەتایبەت نە زاڵمێک. بۆیە ئەو حەز و ئارەزووەی خۆی ئاوا بە وشەی قورس و زۆر پڕواتای «ئۆخەی!» دەردەبڕێ، باری سۆز و لە ناخی دڵەوە هەڵقوڵانێ کە لەم وشەدا هەیە، قووڵایی کەسایەتیپێدانەکە دەگەیەنێت.

لە شێوەی کولێرە گریاوەکە شێرکۆ بێکەس تەعبیری «ئاوی گرینۆک»ی (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٦١/٦) خولقاندووە کە دیارە سیفەتی گرینۆک تایبەتمەندیی مرۆڤە و بەس، دیارە کەسایەتیپێدانەکە لە قۆناغێکدا شتەکە دەنوێنێ و تۆماری دەکا، ئەم ئاوە لە حاڵەتەکانی گریانیدا تۆمار کراوە. هەروەها ئەم تایبەتمەندییە بۆ جۆگەش دابڕاوە (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٦١/٦). سیفەتی دوای گریان و گرینۆکی ژێربوونەوەیە کە شاعیر ئەوەشی بۆ داناوە: «جۆگەیەکی گرینۆک، گزۆز، گرینۆک/من بزر و ئەو گرینۆک/ئەز نازانم ئەم بە کێ ژێر ئەبێتەوە؟!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٦١/٦) لە کەرەسەکانی تر قووڵینەی جێ نان یا ناندێنە کە تایبەتمەندیی گریانی بۆ تەرخانکراوە (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٦). کەرەسەی نووسین وەک قەڵەم و دەفتەر و مێزی لەسەر نووسین بەمرۆڤ کراون (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢٦). گریان و خەم خواردن لەو تایبەتمەندییانەیە کە بۆ کەسایەتیدان بە شتی ماددی هاتووە: «پزیشکێک مرد/دەرمان گریا» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢٨). نان تاسە و مەراقی شتێکی لە دڵدایە و بیر ئەکاتەوە و ئاویش هەر بەو شێوە (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٥٥).

هەندێ جاریش ئاوڕی لە ماڵ و کۆڵان و شەقامیش داوەتەوە و کەسایەتیی پێ بەخشیون: «هەر لەم کۆڵانەی ئێمەدا/دەرگا لە چوارچێوەی خۆی و/شووشە لە پەنجەرەی خۆی و/سیلەی کۆڵان لە کۆڵان و/کۆڵان لە دیوار بێزارە!» (بێکەس، ١٣٩٤ب: ١٢). لەم بەندەدا بێزاری کە تایبەتمەندییەکی مرۆڤە دراوەتە پاڵ ئەو بەشانەی ماڵ و شار.

شێرکۆ هەر بە سەرزەوییەوە بەند نەبووە، بەڵکوو خەیاڵی بەرین و سنووربەزێنی، تەنە ئاسمانییەکانیشی لە خۆ گرتووە و لە فڕیندا تا ئاسمانەکان و کەشکەڵانی تەیکردووە. یەکێ لە جوانترین داهێنەرییەکانی لەم بوارەدا شیعری مانگ و زەریایە (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٧١/٢-٥٦٩) کە پێوەندییەکی ئەویندارانە و پڕسۆزی لە نێوانیاندا خولقاندووە و دەبنە جووتە عاشق و ماشقێ و هەموو کەینوبەینێکیان لێ پەیدا دەبێ. لەو شیعرەدا نیشانەکانی مرۆڤاندن بریتییە لە هاتوچۆکردنی ئەویندارانە، نازکردن، چاوشارەکێکردن لە ڕووی نازەوە، سەفەرکردنی دڵبەر (هیجران)، خلیسکان، شێتبوونی ئەویندارانە و لە کۆتاییدا سەرهەڵدانی هەڵچوون-داچوونی زەریا لەو پێوەندییە ئەویندارانە. یا لە دیمەنێکی زۆر پڕخەیاڵ و شاعیرانەدا، دەبینین کە مانگ وەک ئافرەتێکی سکپڕ دەزێ و منالی دەبێ: «لە دارشمانە ئەستێرەیەک لە دایک بوو/لە قەڵاچوالان بوو بە مانگ/مانگ هاتە خوارێ بۆ دەشتایی/نێوان گۆیژە و گڵەزەردە/لە بەهارێکدا خۆر حەزیلێکرد و هانی/لە دوای نۆ وەرز/لە مەڵکەندی مانگ ژانی گرت و/کوڕێکی بوو/برایم پاشاش ناوی لێنا سلێمانی» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢-٢٣١). لە شوێنێکی تردا ئەستێرەکان هەڵدەپەڕێنێ: «لە سایەقەی سەردێماندا/ئاسمان وەک چاوی ساوایان/پاک و ڕوون بوو/ئەستێرەکان هێندە نزم بوون/ئەتوت هاتوون بێنە خوارێ و/لەو گوێ چەمە تا بەربەیان/لەگەڵ شەپۆلان هەڵپەڕن!» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٣). خۆریش لە دیمەنێکیدا بە مرۆڤێکی نەخۆش و لە جێدا کەوتوو دانراوە (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٥).

### کەسایەتیدان بە ئەندامی لەشی مرۆڤ

بابەتێ کە شاعیر داهێنەرانە دەستی بۆ بردووە و شەقڵی تایبەتیی خۆی پێوە ناوە، بەکارهێنانی ئەندامانی جەستەی خۆیە کە هێناونی و کەسایەتییپێداون. لەوانە دەبینین دەستی لە خۆی جیا کردۆتەوە (التجرید) و بە هەستونەست و شوعوور و هێزی مرۆڤانە ڕازاندوویەتەوە: «ئەم بەیانییە دەستی خۆم/لە کۆتی شانی خۆم ئازاد کرد و/پێم وت: بچۆ/ "با" لە سەر ئاو بنووسەرەوە/گەردەلوول بخوێنەرەوە/ساکاریی بکە بە تەمومژ» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٦/٤-٥٥). لەم کۆپلەیەدا دەست کە پێشتر وەک ئەندامێکی ئاسایی جەستەی شاعیر دەوری گێڕاوە، سەربەخۆ دەبێتەوە و دەبێتە مرۆڤێکی کەسایەتیدار و خاوەن بیروهزر و ڕا، و بۆی هەیە هەڵبژێرێ و لە هەموو گرنگتریش سەوادداره و ڕازاوەیە بە هونەری خوێندن و نووسین کە تایبەت بە مرۆڤن.

### کەسایەتیدان بە گیاندارانی جگە لە مرۆڤ

کۆتر، کەو، جۆرەکانی چۆلەکە (بولبول، بازۆڕی، پاساری، کڵاوکووڕە)، سەمەندەر، گا، ئەسپ و زۆر گیانداری تر لەو گیانلەبەرانەن کە شێرکۆ بێکەس کەسایەتیی مرۆڤی پێبەخشیون و هێناونیە نێو شانۆی شیعریەوە و دەوری پێداون. زۆرترین سیفەتی مرۆڤانەش کە داویەتە پاڵ ئەم گیاندارانە، قسە کردن/گوتنە کە شێوازێ لە تەمسیل (نواندن)ـی پێدەڵێن. «بەیانیت باش!/من ناوم بولبولە/خەڵکی ئەم باخچەیەم/دەمێکە باخەوانێکی تووڕەمان لێپەیدا بووە...» (بێکەس، ١٣٩٤ب: ١٧). لەم شیعرەدا بولبول دێتە گۆ و قسە دەکات و دوای ناساندنی خۆی، بارودۆخ و هەندێ لە دەنگ و باسی خۆی و چۆنێتی ژیانی دەڵێتەوە و ئاماژە بە مەڵبەند و زێدی خۆی دەکا و ئینجا لە دەستی باخەوانەکە گلە و گازندە دەکات. هەروەها چەند سیفەتی ئینسانیی تری داوەتە پاڵ بولبول و بە وەڕزی و بێزاری و بێتاقەتی و هەروەها ویستن ڕازاندوویەتەوە (بێکەس، ١٣٩٤ب: ١٩).

### کەسایەتیدان بە دیاردەی واتایی و ئینتزاعی

شێرکۆ بێکەس لە کەنار گیانبەخشی بە دیاردەگەلی ماددی – سروشتیدا، دەستی بۆ دیاردەگەلی واتایی و ئینتزاعیش درێژ کردووە و لەم مەیدانەشدا گەلێ وێنەی خەیاڵیی بێهاوتا و داهێنەرانەی خولقاندووە. وەک ئەوەی کە گیان بکاتە بەر گۆرانی و ئاواز و بیکاتە پەلەوەرێک و بیانێرێتە ئاسمانی بەرین: «لەوێڕا گەر بەچکە ئاوازێ هەڵفڕێ/لێرەڕا ئەم ئەبێ بە ئاسمان» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٣/٥٠٠). گۆرانی هەروەهاش دەبێتە خاوەن کەسایەتی مرۆڤانە و دەکەوێتە گەڕان و سۆراخ کردن: «گۆرانییەکی غەمگینی شینباو/بە شوێن شاعیراندا ئەگەڕێ» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢١٥). غەریبیش دەبێتە زیرۆخ و تایبەتمەندیی ئەوان وەردەگرێ: «ئاوی چاو/وەک ئاوی شەربەکەی حیجازی، ژەکێکە/هەموو ڕۆژ غەریبیی ئەینۆشێ» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٣/٥٠٠). ئەم تایبەتمەندیی نۆشینە کە کاری گیاندارێکە زاری هەبێ، لێرە دراوەتە پاڵ چەمکی غەریبی. چەمکێکی تر کوردایەتییە کە کەسایەتیپێدەدرێ و قسە دەکا: «کوردایەتی بانگم دەکا/ڕێگە ئەگرم» (بێکەس، ٢٠٠٦: ١/١٦٥). شاعیر بیرۆکە و یادەوەری و بیرەوەریشی هێناوەتە ڕیزی مرۆڤ، بۆ نموونە وتوویە: «من پۆلێک بیرۆکەی سەوز و سوورم لابوون/...من ئەمویست دەستەمۆیان بکەم/... بەڵام ئەوان ڕازی نەئەبوون/ئەیانوت: ئێمە نامانەوێ خەون بە جێ بهێڵین/ئەیانوت: ئێمە ئەمانەوێ هەر لە ناو پرسیاردا بژین/من هەموو شەوێ زۆرم لێ ئەکردن/تەنیایی بە جێ بێڵن/بەڵام ئەوان ملیان نەئەدا و/بە تەنیاییەوە نووسابوون» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ٨٠). لێرە «بیرۆکە» وەک چەمکێکی واتایی و ئینتزاعی دەبێتە مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە و بیروڕا و سەرپێچیکار. بە پەرچەکرداری «نامانەوێ» دژایەتیی خۆی لە هەمبەر دۆخێکدا دەربڕیوە. جگە لە خودی بابەتی کەسایەتیپێدانەکە واتە بیرۆکە کە شتێکی واتایی و ئینتزاعییە، زۆرتری بابەتەکان لەم دیمەنەدا واتایی و ئینتزاعین: ڕازی نەبوون، خەون، وتن، ویستن/نەویستن، زۆرلێکردن، تەنیایی، جێهێشتن، ملدان/نەدان. وەک دەبینین بە ڕێژەیەکی زۆری ئینتزاعی بوونەوە چەمک و دیاردەیەکی واتایی و ئینتزاعی بۆتە خاوەنی کەسایەتی مرۆڤانە و چەند تایبەتمەندیی بۆ دابین کراوە. ئەم تایبەتمەندییانە بریتین لە: ڕازی نەبوون، وتن، ویستن/نەویستن، ملنەدان، خۆ نووساندنە شتێکەوە. زۆر جار دەبینین خەونیش کەسایەتیی وەرگرتووە و بە تایبەتمەندی پەشۆکان دەوری خۆی لەم بوارەدا گێڕاوە (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٦). لە شوێنێکی تردا خەم و خەون وەک دوو تایبەتمەندیی مرۆڤانە دراونەتە پاڵ ئاسک (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٦٢).

### کەسایەتیدان بە «مەرگ»

یەکێ لەو دیاردانەی کە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا جێگە و پێگەیەکی گەورەی هەیە و لە پانتاییەکی بەریندا لە پارچە پارچە و کەرت بە کەرت و ئاقار بە ئاقاری شیعرەکانیدا خۆی دەنوێنێ، «مەرگە». ئینجا مەرگ وەکوو چەمکێکی واتایی و ئینتزاعی کەسایەتیپێدەدرێ و دەدوێ و کاروڕەهاتی مرۆڤانەی لێدەبێتەوە. یەک لەو کارانە قسەکردنە. لە کۆمەڵە شیعری ئافاتدا دەخوێنینەوە کە: «ئاوێزانم بە. مەرگ ئەڵێ: درەنگە»

(بێکەس، ٢٠٠٦: ١٢/٤). هات و چۆ کردن لە تایبەتمەندییە گیاندارییەکانە کە بە مەرگی داوە: «مەرگێ هات، مەرگێ ڕۆی» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٠٧/٣). هەروەها عەدەم و بەهەشت و دۆزەخیش کە هاوپێچی مەرگ کراون ئەوانیش بە هێزی قسەکردن ڕازاونەتەوە و کەسایەتیدارن: «عەدەم ئەڵێ: درەنگە/بەهەشت و دۆزەخ ئەڵێن: درەنگە» (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٢/٤). مەرگ لە دیمەنێکی تردا هەمان تایبەتمەندیی بۆ تەرخان بووە و بە سیفەتی قسەخۆش ناسێنراوە: «ئەمە مردنێکی قسەخۆشە و دەورەی داوین» (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٤/٤). مەرگ هەروەها تایبەتمەندییەکی تری مرۆڤانەی لە درێژەی هەمان دیمەندا وەرگرتووە، ئەویش ئەوەیە کە خاوەنی هێزی ویستن و ئیرادەکردنە: «ئەی کچە ساسانییە جوانەکە!/وەختی سووروسات بەسەرچوو/مردنێکی نوێ منی ئەوێ!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٧/٤). مردن پێیشی بۆ دانراوە: «ئۆهـ! پەریزادەکەم!/ئەو ساتانەیش بەختیاریم هەر شپرزە بوو/ئەو ساتانەیش هەر گوێم لە ترپەی پێی مەرگ بوو» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٢٧/٤). دەورێکی تر کە شاعیر بۆ مەرگی داناوە، سەربازە: «مردن خۆی گۆڕیبوو، مردن/بە جلکی سەربازییەوە، پۆشتە و پەرداخ/بە هەموو نەجمە و نیشانە و نۆتەکانییەوە/بە کۆڵانێکی نەخۆشی پایتەختا ڕەت بوو» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٩٨/٥). خەیاڵی بەرینی شاعیر مەرگی کردۆتە سەربازێک ڕێک و تەکووز، بە پلەی نیزامی و نیشانەی دیاریکراویەوە، کە دێت و ڕادەبرێ. لێهاتوویی لە کاری خۆیدا و هەروەها دڕندەییش لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەربازەیە. لە دیمەنێکی تردا مەرگ دەبێتە سەربازی دەوڵەت: «چی ئەکەی؟ ئەو کاتەی کە مردن/سەربازی دەوڵەت بێ و تۆیش لە کێو، درەختی/قەڵەم بی؟» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٠٤/٣). ئەمە واتە مەرگ دەوری جاسووس دەگێڕێ کە کردەوەیەکی مرۆڤانەیە.

شێرکۆ دەستی بۆ ئایندەش درێژ کردووە و گیان و کەسایەتیشی کردۆتە بەر ئەویش و چەندان خاڵ و چەندین خەسڵەتی ئینسانی بەبەردا کردووە: «ئەمڕۆ ئایندە هات بۆ لام، بە چاوی تەڕەوە/هات بۆ لام پێی وتم:/ئەو مەرگە نوورانییانە، ئابڵووقەی قەڵای دەنگیان داوم، ئابڵووقەی خوێنم» (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٥/٤). لێرە هاتن و وتن دوو نیشانەی دیاری مرۆڤانەیین کە بە ئایندە دراون. ئەم شاعیرە خەیاڵبەرینە ڕابردووشی بەرامبەر بە ئایندە کردۆتە خاوەنی کەسایەتی و چەندین تایبەتمەندیی مرۆڤانەی بۆ تەرخان کردووە؛ وتوویە: «ئەبینین، وا دیسان ڕابوردوو/بە خۆی و گۆچانی تاریکی دەستییەوە/دێتەوە ناومان و فوو ئەکا/لە چرای دیوارکۆی ڕۆحمان/سەعاتی هەتاویی دواڕۆژمان ئەدزێ!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٦٣/٤). ئازار و ئێش و ژانیش بەمرۆڤ کراون: «دەرمانیان ڕشت/ئازار گریا» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢٨). شیعر خۆی بە چەندین شێواز کراوەتە خاوەنی کەسایەتی: «تۆ بڕوانە/ئەو قەسیدە کەڵەگەتەیش/چۆن دائەنەوێ تا کێلی/شەهیدێکی کورتەباڵای/کەرکووک ماچ کات!» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٤٧). یا شیعر دێت بۆ نێو باخچە بۆ پیاسە کردن (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٦٩). یا بانگدەکرێ (بڕوانە ژێر: سەردێڕی «بانگکردن» لەم توێژینەوەدا). «ڕووداو»یش لەوانەیە کە دەکرێ بە دیاردەیەکی واتایی و ئینتزاعی بێتە ئەژمار؛ کاتێ دەبینین لە قاڵبی مرۆڤێکی پێداگر و وەڕسکەردا دێتە مەیدانەوە: «ڕووداوێک زۆری لێ کردم/لە شەوێکدا شەش حەوت جارێ/یەخەی گرتم تا شتێکی بۆ بنووسم!» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١١٤). شیعر خۆی دێتە گۆ و مرۆڤانە قسە دەکات: «ئەرێ چاوم!/ تۆ لەبەر کەس هەڵنەسای!/خۆ ئەبێ لەبەر من هەڵسی؟!/من شیعرم شیعر/هاتووم ئەم ڕۆحەت بدەمێ/بۆ هەڵناسی و لێم وەرگری؟!/من شیعرم شیعر» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢٢٧). شیعر بە تایبەتمەندیی مرۆڤانەی گریانیشەوە ڕازاوەتەوە (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢٢٨).

### بانگکردن (ندا)

بانگکران تایبەتمەندیی گیاندارانە، هەم مرۆڤ و هەم غەیری مرۆڤ. تەنانەت دەتوانین بانگکرانی گیانداری غەیری مرۆڤیش لە جوملەی سەنعەتی کەسایەتیپێدان دابنێین. چونکە کاتێ شتێ بانگدەکرێ بەو واتایەیە کە شوناس و کەسایەتیی بۆ دانراوە. هەر شتێ کە بانگدەکرێ، گەر مرۆڤ نەبێ، بە یەک خواستنی درکاو و یەک کەسایەتیپێدان دێتە ئەژمار. جا بەم کورتە پێشەکییەوە دەبینین کە شێرکۆ بێکەس هەموو شتێک بانگدەکا و ڕەگەزی سروشتی و شت و مەک و کەرەسەی خۆی و خواردەمەنی و زۆر شتی تری خستۆتە ژێر تایبەتمەندیی بانگکردنەوە؛ واتە کەسایەتیپێداون. لێرە بۆ ئەوەی وردتر لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین لە ژێر چەند لقێکدا ڕیزیان دەکەین.

### بانگکردنی گیاندار (جگە لە مرۆڤ)

بەر لە هەموو گیاندارێ جوانتر ئەوەیە ئاماژە بەوە بکەین کە شێرکۆ خودی گیانی بانگکردووە؛ کەسایەتیپێداوە، گیانی پێبەخشیوە و بەم شێوە بانگی کردووە: «ئەی گیانی گیان!/خۆ ئەم مانگـە سەرگەردانەی خۆشەویستیم/لە خۆیەوە نەیداوەتە ئەم ساکۆی سکڵی غوربەتە/...ئەی گیانی گیان!/لەسەر ماچی پەلکە گیایەک/لێوی جۆگەیەکیان بڕیم./ ...ئەی گیانی گیان!/گۆمێ شێت بوو وەختێ لە مانگیان دابڕی./... گیانی گیانم!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٥١/٣-٥٥٢). جارێکی تریش ڕۆحی بە گشتی بانگکردووە و هێناویەتە ڕیزی کەسایەتیپێدراوەکان: «ئەی ڕۆحی وێڵ!/تەنگە بە بەری عەشقی تۆ ئەم نەخشانە./...ئەی ڕۆحی وێڵ!/ژوورێکم هەیە تەنیاییم بەشی ناکات» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٥٦/٣). یەکێ لەو گیاندەرە غەیری مرۆڤانە کە شێرکۆ کردوونی بەردەنگی خۆی و بانگی کردوون، ئەسپە: «ئەی ئەسپی ڕەشی بێزاربوو/لەجڵەوی ئەم زەمانی

بازرە بوونە!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٥٤/٣) وەک وتمان هەر ئەوەی کە بانگی لە ئەسپ کردووە، بەو واتایەیە کە مرۆڤاندوویە؛ هەڵبەت لەم دێڕەدا وەک پێشوبهێنراوێک بۆ تەنیایی بەکاریهێناوە.

### بانگکردنی بێگیان:

بانگهێشتی گیاندار لە شیعری شێرکۆدا دەکرێ لە دوو بەشی جیاوازدا لێکیبدەینەوە:

بانگکردنی بێگیانی ماددی-هەست**ی:** بانگکردنی بوونەوەرانی بێدەنگ یەکێ لە شێوازە ڕەوانبێژانەکانی کەسایەتیپێدانە (ماحوزی و همکاران، ٢٠١٨: ٦١). کەژ و کێو لە شیعری شێرکۆدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەیە. شاعیر خۆی زۆر لەگەڵیان تێکەڵ دەکات و هەست بە دۆستی و نزیکییەکی زۆر دەکا لەگەڵیان؛ بۆیە گەلێ جار دەگەڵیان دواوە و بانگیانی کردووە: «ئەی شاخم!/ئەی پەندی بەردینی پێشینان!/ ئەی ملی پڵنگی بە خوێنم خەت خەت و/بە عیشقم داگیرساو!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٣/١٠-٥٠٩). ئیتر شاخ وەک مرۆڤێک دەبینین کە ئەندامەکانی و کارەکانی هەر لە ئەندام و کاری مرۆڤ دەکا؛ سیفەتی هەڵگرتنی پێداوە و شان و دەست و ئەندامانی تری بۆ ڕەسم کردووە. دووکەڵیش لە بانگکراوەکانە و دیارە کەسایەتیی پێبەخشراە: «ئەی دووکەڵی بەژنی دایکم/لە وەختی نزاکردندا!/ئەی دووکەڵی بەژنی مێژووم/لەوەختی هەتاو چاندندا!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٢٤/٣). دیسانەکە بە شێوەی «ئەی دووکەڵی خەونەکانم» و «ئەی دووکەڵی ڕەنجەکانم» بانگکراوە (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٢٥/٣). بانگکردنی وەک «ئەی سێوی بێوەفا!» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ٥١)، «ئەی وشەی بێوەفا!» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ٥٢)، لەوانەیە کە شتێکی بێگیانی تێدا بۆتە بەردەنگ و نیدایان بۆ کراوە. ئەمەش بەو واتایەیە کە پێشتر گیان و هەستیان پێبەخشراوە و هاتوونەتە ڕیزی مرۆڤ.

بانگکردنی بێگیانی واتایی/ئینتزاعی: بانگکردنی دڵ (پرسیار کردن لە دڵ؛ دەستوور پێدان/وابکە و وامەکە) و بانگکردنی گیان لەم چەشنەن. وشەکان لەم جۆرە بانگکردنەدا نەرم و نیانتر و ناسکترن و خۆشەویستی و ئەوینێکی زۆرتریان تێدایە. جگە لەوانە، دەبینین کە ڕۆژگاریش گیانی گرتووە و بانگدەکرێ: «ئەی ڕۆژگارە لیخنەکان!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٥٥/٣). بانگکردنی تەنیاییش هەر لە هەمان بابەتە: «ئەی تەنیایی!/ئەی ئەسپی ڕەشی بێزاربوو لە جڵەوی ئەم زەمانی بازرە بوونە! ئەی زایەڵەی کەوە سوورەکەی ناو سنگم!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٦٨/٣). تەنیایی دەکرێتە باڵندەش بە هەموو ئەندامانیەوە: «ئەی تەنیاییم!/تۆ لێرە ئێستە کەناریی/ناو ژانێکی شووشەبەندی ڕەنگاوڕەنگی/ بەم دەنووک و بەو باڵانە/چۆن ئەتوانی تۆ سنووری شووشە ببڕی؟/بۆ کوێ ئەفڕی/ئەی تەنیایی؟!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٦٨/٣). شەفەق وەک دیاردەیەکی واتایی و ئینتزاعی و لە عەینی حاڵدا سروشتیش لە بانگکراوەکانی نێو شیعرەکانی ئەم شاعیرەیە: «ئاوابوون بوو/ئەی شەفەقی لە خاچدراوی جەستەم و مانگی کوژراو!» یا ئەو کاتەی شیعر بانگدەکا و دەڵێ: «ئەرێ قەسیدە جوانەکە!/بۆ هەڵناسی؟» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢٢٢)؛ بەم بانگکردنە کەسایەتیپێداوە و دیارە لە خەویشدایە دەیهەوێ خەبەری بکاتەوە.

### کەسایەتیپێدان لە قاڵبی چینەکانی کۆمەڵگادا

بەو واتایە کە لە ناو ئەو شتانەیدا کە شێرکۆ بێکەس کەسایەتییان پێدەدا، چەندین چین و توێژی کۆمەڵگا دەبینین؛ چونکە هەندێ جار شتەکە دەباتە نێو چینی ئاسایی کۆمەڵگاوە، جارێک کەسایەتی چینی فەلا و جووتیاری پێدەدا، جارێکی تر دەیباتە ڕیزی شاعیران و نووسەرانەوە، لە بار و دۆخێکی تردا سیمای چینی زاڵم و داگیرکەر لە کەسایەتیپێدانەکانیدا بەدی دەکەین. بە واتایەکی تر شتەکان نەک هەر ئەبن بە گیاندار، بەڵکوو ئەبن بە خاوەن هزر و فەرهەنگ و خوێندنی باڵا؛ ئەبن بە تاقمی خوێندەوار، بە خوێنەر و نووسەر، ئەبن بە خاوەن هەڵوێست و بیروڕای تایبەت و جیاواز؛ ئەبن بە دەسەڵاتداری سیاسی و حوکوومی، بە نیزامی و عەسکەر و پاسەوانی سنوور و پاسەوانی ناو شار.

هەندێ جار شاعیر لە چەند ئاستی جیاوازدا یەک شت دەکاتە خاوەنی کەسایەتی؛ بۆ نموونە باران جارێک دەبێتە مرۆڤێکی بەس باسەواد (واتە لێرە زۆرتر سەوادی خوێندن و نووسین مەبەستە) و دەڵێ: «دڵۆپ دڵۆپ باران گوڵ ئەنووسێتەوە» بێکەس، ٢٠٠٦: ٤٨٧/٣)؛ یا ئەو کاتەی دەڵێ: «گڤە گڤە با پێدەشت ئەخوێنێتەوە»، ئەم نووسین و خوێندنەوە ئاستی زۆرتر سەوادار بوون دەنوێنێ. لە ئاستێکی تردا دەبینین نووسینەکە نووسینێکی ساکار و ئاسایی نییە، بەڵکوو شاعیر بوون و شیعر هۆنینەوە مەبەستە، ئەویش کاتێکە کە دەڵێ: «ئەو دەمەی کە باران شیعرێکی سەوزتر ئەنووسێ». دیارە شیعر نووسین کاری شاعیرە کە تاقم و چینێکی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگایە، چینێ کە سەر بە هونەر و ئەدەبیاتن؛ کەوابێ باران و با لە ڕووی فام و بە هزرەوە ئەو کارە دەکەن و خۆیان ئاگاداری دەوری خۆیان و کارەکەیانن.

چینی هونەرمەن**د:** هۆنەر و نووسەر (وەک باران و با لە سەرەوە)؛ خوێندن و نووسین داب و تایبەتمەندیی مرۆڤن و بەس. شاعیر زۆر جار ئەم حاڵەتەی بەخشیوە بە ماک /تەن/گیاندارێکی تر. وەک ئەوەی وتوویە: «هەر باڵدارێک/وەختێ بەسەر ئەو (هەڵەبجە)دا فڕی/نەریتێکە/لە

277

ئاسۆدا بە باڵ ئەنووسێ: شانزەی سێ و/ئینجا ئەڕوا» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ٩٢). ئەم نووسینە دەتوانێ تەنیا و تەنیا سەوادداری بگەیێنێ و بەس. واتە ئەو باڵندە خوێندن و نووسینی زانیوە؛ بەڵام بە هەر حاڵ نیشانەی فەرهەنگ و هونەرێکی تایبەت بە مرۆڤە.

چینی خاوەن بیروڕا و هەڵوێستی سیاس**ی:** بۆ نموونەی ئەوەی کە شتەکان ئەبن بە مرۆڤێکی خاوەن بیروڕا و خاوەن هەڵوێستی سیاسی-کۆمەڵایەتی، دەتوانین ئاماژە بکەین بە شیعری کولێرە کە پێشتر باسمان کرد (بڕوانە ژێر سەردێڕی کەسایەتیدان بە دیاردەی ماددی و هەستی). هەروەها لە کتێبی ملوانکەدا دەبینین کە کەرەسەکانی ئارایشتی ژنان و ئامێرەکانی تر هەموو پێکەوە خۆیان ڕێکدەخەن بۆ ڕاپەڕین و خۆپیشاندانێکی گشتی لە نێو شەقامەکان و بازاڕدا. بۆ وێنە لە دیمەنێکیدا ملوانکەکە ئاوا دەگێڕێتەوە: «بۆ ڕۆژی دوایی سەعات دەی سەرلەبەیانی، وەختێ چووینەدەرەوە، نمەنمە باران ئەباری، چەترەکەمان بۆڵەبۆڵێکی کرد و ئینجا خۆی کردەوە...بە لای ڕاستدا وەرگەڕاین و ڕوومانکردە بەرزاییەکانی سەرەوە. ئێمە ئەبوو ئەمڕۆ هەموو ئەو ملوانکە و گوارە و بازنانە ببینین، ... کە لە جەستەی ئەم شارە ناڕازین. ئەبوو گرد بینەوە و شتێکی تازە بڵێین و شتێکی تازە بکەین» (بێکەس، ١٣٩٤ط: ١١٥-١١٦). لەم کۆپلەیەدا دیارە هەموو شتەکان هاتوونەتە قاڵبی مرۆڤەوە و بە وەرگرتنی کەسایەتی ئاستیان بەرز بۆتەوە و ئێستا بڕیار دەدەن و کۆدەبنەوە و بەرامبەر بە واقیع و هەڵکەوتی ژیان و ڕۆژگار و بارودۆخەکە هەڵوێست دەگرن و پەرچەکردار لە خۆ پیشان دەدەن. لەم چەند دێڕەدا وا دەردەکەوێ کە بەڵێنیان داوە و لە سەر وادەی دیاریکراودا دەچنە دەرێ. ڕەگەزێکی گرینی مرۆڤانە کە لەم بەندەدا دەبینرێ، ناڕەزایەتییە هەمبەر بە بارودۆخ. ئینجا کۆبوونەوە و دەربڕینی بیروڕای نوێ و ئەنجام دان و پێکهێنانی کارێکی نوێ کە ئامانجیانە، هەموو تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی مرۆڤانەیە.

چینی یاخیبوو/ڕاپەڕی**و:** بۆ ئەوەی کە شتی بێگیان و ئینتزاعی دەبێتە خاوەن گیان و هەستونەست و بەرزتر لەوە، دەبێتە بڕیاردەر، شیعری «کۆبوونەوە» لە دیوانی کازیوەدا نموونەیەکی باشە: «لە ئەمریکای خوارووداا/شەو بە دزیی مەخفەرەوە/چەند سنوورێ کۆبوونەوە/بڕیاریان دا کە یەکتری بسڕنەوە!/پەساپۆرتی بەرباخەڵی شار و گوندی/ئەم دنیایە وەرگرنەوە/وەختێ هەستان... لە ناکاودا/پاتەختەکان هاتن دایان/بەسەریاندا/بەریان نەدان/تا هەر یەکێکیان کرد/بە دوان/بە سیان/کە بەریان دان/پەساپۆرتیان دا بە خۆشیان!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٤٤٧/١) یا وەک شیعری «شیش» کە بۆ نازم حیکمەتی داناوە: «لە کارگەی ئاسنگەرێکدا/چەند شیشێکی مەچەکئەستوور/هەستانە پیان/هەڕەشەیان کرد لە گیرە و/مۆڕبوونەوە لە ئاگردان/وەختێ بیستیان:/ئەیانەوێ لە پەنجەرەی/کتێبخانەی گشتییەوە/بیانگۆڕن/بیانکەن بە/دەرکەی زیندانی داخراو/لە سەر مانگی شیعری گیراو» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٤٨٧/١). لە شیعری «باو و ناباو»دا دوو کەسایەتیپێدان هەیە کە یاخی بوونیان تێدایە؛ یەکێ درەختە و ئەویشیان شیعرێکە کە یاخی دەبن دژی «باو»: «درەختەکانی باخچەکە/ئاسایی بوون/هەموو هەر یەک قاچیان هەبوو/هەمووشیان قنج ڕاوەستابوون/تاقە درەختێکیان نەبێت/لەسەر دوو قاچ ڕاوەستا بوو/بەرەو خواریش بۆ جۆگەکە دانەویبوو/تا بە مشت ئاو بخواتەوە!/وازم لە هەموویان هێنا و ڕووم کردە ئەو!» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ١٤٦). کەسایەتیپێدان لەم دیمەنەدا چەند بنیاتی بۆ دابین کراوە؛ درەختێک خاوەنی کەسایەتییەکەیە؛ ئەم درەختە لە باری ئاسایی و داب و نەریتی باوی ڕەگەزی درەخت لای داوە و سەرپێچیی کردووە؛ لە جیاتی یەک قاچ دوو قاچی هەیە؛ بە جێی ئەوەی سەر بەرەو ئاسمان بگرێ، بەرەو خوار دانەویوە؛ مشتی هەیە و بەو مشتە ئاو دەخواتەوە. دیمەنێ کە شاعیر بۆ ئەم درەختەی خولقاندووە، بەم جۆرەیە کە درەختی کردۆتە ئینسانێک بە دوو پێ و دوو قاچ و دەست و گرنگتریش بە ئیرادەیەکەوە کە دژی باو ڕاوەستاوە و لە حاڵەتی ئاسایی درەختی، یاخی بووە. شیعرەکەی تریش ئاوایە: «ئەمڕۆ پۆلێ شیعرم فڕین/باو چۆنی وت، ئاوا فڕین/باو چۆنی وت، هەروایش خوێندیان/تەنها هەر یەکێکیان نەبێت/خۆی لە پۆلەکە دابڕی و/جۆرێ فڕی، باو تووڕە کا/جۆرێ خوێندی باو نەیەوێ/بۆیە وەختێ هاتنەوە لام/پەڕ و باڵی گشتیانم کرد/هەموویانم لە ماڵەکەم کردە دەرێ و/بە تەنها هەر ئەو یەکەیانم هێشتەوە/ناباوی کرد/بە خوێندن و بە هەڵفڕین!» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ١٤٨). ئەو شتەی لێرە بووەتە خاوەنی کەسایەتی، «شیعر»ە؛ گیان و هێزی فڕینی پێ بەخشراوە. بەڵام شاعیر لەوە تێپەڕیوە کە دیمەنێکی ئاسایی بخولقێنێ و بەس؛ بەڵکوو دەبینین چەقی هونەرەکە لەوەیدایە کە «شیعر»ەکە وەک سووژەی کەسایەتیپێدراو، بۆتە خاوەنی بیروڕا و بەرپەرچدانەوە؛ دژی باو دەفڕێ، سەرپێچی دەکا لە باو، لە ژێر چوارچێوە و یاسا و ڕێساکانی باو دەردەچێت. خاڵێکی تر لەم شیعرەدا ئەوەیە کە شاعیر وەک گێڕەوەیەک لایەنگری لەم جۆرە درەخت و شیعرە یاخیبووانە دەکا. تەنانەت کتێب و پەڕاویش یاخی دەبن: «لە ئەرشیڤی نامەخانەی دوا قەیسەرا/هەرچی کتێبە هەژار و برسییەکان بوون، کەوتنە جووڵە/لە ڕیزی خۆیان یاخی بوون/هەموو چوونە یەک ڕیزەوە/گرد بوونەوە و پەڕەی سەریان نا بە سەری/یەکترەوە/بوومەلەرزەی خۆپیشاندان/سەر و ژێری نامەخانەی گەورەی لەرزان/کتێبی کورتەبنەی سەر ڕووتاوەی پێشەوایان/هەڵبڕیە سەر قەڵای دۆشکان/هاواری کرد:/داوا ئەکەین بخرێینە پێش چاوی کێڵگە و ڕووبارەکان...» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٤٤/١). بەم شێوەیە لە ئەرشیڤخانەکەدا هەموو کتێبەکان دوای یەک گرتن و دیاری کردنی پێشەوا و ڕێبەر بۆ خۆیان یاخی دەبن و شۆڕشێک پێکدێنن و بە خۆپیشاندان داواکاریی خۆیان دەردەبڕن.

**چینی دژەزوڵم و ستەم:** شتەکە لێرە دەبێتە مرۆڤێکی عاقڵ و بەتوانا کە ناچێتە ژێر باری زوڵم و زۆرداری و سەر بادەدا لە دەستووری سوڵتان و حاکم و خۆی دەرباز دەکات: «قەڵەمێ سەری خۆی هەڵگرت/هیچ دەفتەر و هیچ کاغەزێ/نەیانزانی/ڕووی لە کوێ کرد/چونکە ویستیان دایبدەن و/خۆی بە خۆی بکوژێننەوە/چونکە ویستیان وا بنووسێ/هەر بەتەنیا سوڵتانەکان/بیخوێننەوە» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٤٥٦/١). هەست بە دژایەتی کردنی زوڵم و زۆر و ستەم و ناڕەوایی لە پێنووسێکدا ئەوندە توند و تیژانە و بەهێز بووە کە دژی سوڵتان بوەستێتەوە و سەر لە فەرمان با بدات و خۆی ئاوارە بکات و ئاوارەیی و دەربەدەری بە لایەوە خۆشتر و ئەوبەرتر بێ لە هێمنی و ژێردەستەیی و چەپۆکەسەری.

**چینی عاشق و ماشق:** شتی بێگیان (فیزیکی/واتایی) لە شیعری شێرکۆدا، بەشی خۆی لە گیان و هەستونەست وەردەگرێ، ئەویش نە بە بار و دۆخێکی ئاساییدا، بەڵکوو تایبەتمەندییەکی زۆر دیار بە خۆیەوە دەبینێ، دەبێتە عاشق و هەر بە هەمان دەستوور یەکێکی تر دەبێتە ماشق؛ وەک مێژوو/عاشق و بەرد/ماشق کە یەکەمیان واتایی و دووهەمیان ماددیە: «بە تیری عەشقی بەرد/زامدارە و گرفتار ئەم مێژووە عاشقەم» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٠٢/٣). ئەم عەشقە لە دەوری چاو دەگەڕێ و لە وجوودی بەردا ئەو شتەی کە زۆرتر گڕی ئەوینی خستۆتە گیانی مێژووەوە، چاویەتی: «بۆ خاتری چاوی بەرد/هەموو جار خۆرنشین ئەپۆشێ» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٠٢/٣). لە شیعری شێرکۆدا ئەوین و دڵداری لە ناخی هەموو شتێکدا بەدی دەکرێ، لە دیاردەگەلی سروشتیدا؛ وەک ئاو، دار، بەرد، ڕووبار، چۆم، کانی، کەژ و کۆ، هەور؛ تەنانەت لە چەمک و دیاردەگەلی واتاییدا وەک مێژوو. لە شیعری شێرکۆدا عەشق خۆی زۆر جار دێتە مەیدان و دەور دەگێڕێ: «دەرچوونم بۆ نەبوو/عەشقی تۆ دەوری دام/من ئێستا لە نەخشەی تازەتا دوورگەی تۆم» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٤٩٨/٣). عەشق جەستەی هەیە و شتێک لەبەردەکا، وەک ئەوەی کە شاعیر گازندە دەکا: «ئەی ڕۆحی وێڵ!/تەنگە بە بەر عەشقی تۆ ئەم نەخشانە!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٥٦/٣). عەشق سەردار و سالارە، ڕێبەر و فەرماندەرە، تەنانەت زەمەنیش لە ژێر ڕکێفی ئەودایە: «پێدەشتی زیوینی ڕۆح شوێنە و/کات لە ژێر ڕکێفی عەشقایە» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٧٩/٣).

**چینی هەژار و بێئەنوا:** لێرەدا دیاردەیەکی ئێجگار هونەرمەندانە دەبینین، بەوەیدا کە شێرکۆ گەلێک جار هاتووە جەستەی بەخشیوە بە چەمکێکی واتایی و گیانی کردۆتە بەری. بە وێنەی برسێتی: «بە دار خورمای بەر ژوورەکەم/وت: کە سەرنجم بە سەرتا/هەڵئەگەڕێت/ئەڕووشێت و زامدار ئەبێ!/پەلێکی هاتە ژوورەوە:/- لە پێشدا یەکەم دار خورماش/وەکوو چنار/بەژن و باڵای ساف و لووس بوو/بەڵام ڕۆژێ/برسێتییەکی کۆچەریی/گرنج گرنج/کە هێشووی گەییوی بینی/باوەشی زبری پێدا کرد/چووە سەرێ/کە هاتە خوار/هەموو بەژنی دار خورماکەیش/بوو بە پلەی گرێ گرێ» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٦٥/١). یا وەک چۆن بێکەسی ئەکاتە گیاندارێک و مردن و ژیان و هەژارییەکەی پیشان دەدا: «بێکەسیم ڕووت نییە/تا ئەمرێ پۆشاکی ڕەشتانی بەش ئەکا» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٤٤/٣). هەر بەو شێوەش تینوێتی و تەنیاییش گیاندارن و ژیان و مەرگ تەجروبە دەکەن.

**چینی دۆست و برادەر:** لە شیعری شێرکۆدا دەبینین تەنی بێگیان و ماک و دیاردەی سروشتی دەبن بە گیاندار و مانای دۆستایەتی و پێوەندی سۆزدارانە و عاتیفی پێک دەهێنن؛ وەک چۆن دەبینین هەور و شەپۆل و دار بەڕوو و گابەرد بە عەینی وەک دۆستی گیانی دێن و سەری لێدەدەن: «هەموو جار بێ ئەوەی لە دەرگای وشەم بات/هەورێ دێ/خۆی ئەکا بە ژوورما و گۆرانیی قژتەڕم بۆ دێنێ./بێ ژوان بەبێ پرس/هەموو ڕۆژ/شەپۆلێ، دووان و سیان،/بە هەگبەی پرشنگ و گوڵەوە/ئەگەنە سێبەری بەرگێلەم/ناڕۆن تا من نەکەن بە مێرگی هۆنراوە و/بە گۆمی ئەستێرەیش، ژوورەکەم./دار بەڕوو دێ بۆ لام/ڕەگی خۆی ئەبەستێ بەڕەگی قاچمەوە./گابەرد دێ و هێزی خۆی/بەدیاری بۆ پشتم ئەهێنێ./لووتکە دێ و باڵای خۆی/ئەخاتە سەر باڵام./ئاشنامن فرمێسکە پایزەی غەریبان/ئەوانیش بە سواری کزەبای/ئێواران دێن بۆ لام» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٣/٨-٥٠٧).

جاری واش هەیە شاعیر لە شیعرێک یا لە دیوانێکیدا کۆمەڵگایەک دەخولقێنێ کە هەموو ئەندامانی شت و مەک و کەرەسە و جەمادن و کەچی هەموو خاوەنی کەسایەتین. نموونەی ڕاستەقینە و زۆر بەهێزی ئەم جۆرە کەسایەتیپێدانە کتێبی ملوانکەیە. لەم دیوانەدا کە سەرتاپای لە کەش و هەوایەکی خوازەییدا و لە خەیاڵێکی بەریندا سەیر دەکا، کەرەسەکانی ئارایشتی ژنان زۆرترین کەسایەتییەکانین. هەموو بە ناوی تایبەتی خۆیانەوە دەور دەگێڕن و هەر یەک خاوەنی کەسایەتی خۆیە. هەر یەک کارێک و قسەیەک و کردەوەیەکی مرۆڤانە دەنوێنێ. گەرچی کتێبی ملوانکە خۆی شیاوە بە شێوەی تایبەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیەکی شیکارانەی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا چەند خاڵێکی پێوەندیدار و گرینگ دەخەینە ڕوو. لە دیمەنێکیدا ملوانکەکە ئاوا دەگێڕێتەوە: «لە شەوێکی کووڕبووی دەست و پلتەزیودا، ئاوێنە بچکۆلەکە وتی: بە ڕاستی ئێمە لەبەر ئەوەی لەم ژوورە گەرم و گوڕ و خۆشەدا ئەژین، ئاگامان لە شت و مەکە مێینە هەژار و برسییەکانی دەرەوەی خۆمان و ئەم شارە نییە. چۆن ئەژین! ئێمە ئەگەر بە پێی خۆمان نەگەڕێین و بە چاوی خۆمان نەیانبینین ناتوانین لەو دنیایە بگەین! منیش پرسیم: ڕاستە...بەڵام ئێمە ئەتوانین چیبکەین؟ قەڵەمەکە دوو جار لەسەر یەک پژمی و لە دواییدا وتی: ئینجا چی لەوە ئاسانترە، ئەتوانین هەموو شەوێ دوای ئەوەی خانم نووست، هەر جارە و یەکێکمان بە درزی پەنجەرەکەدا بێت یان بە بن درگاکەدا بچینە دەرەوە» (بێکەس، ١٣٩٤ط: ٥٤-٥٥). لەم نموونەیەدا

گێڕەرەوە ملوانکەیە. ئەو خۆی وەک مرۆڤێک ڕووداوەکان و هەڵسوکەوت و بەرنامەکان دەگێڕێتەوە. ئەڵبەت ئەم دەورە لە سەرتاسەری کتێبەکەدا دەیگێڕێ. هەموو ئەندامانی ئەم دەقە گێڕانەوەییە لە ئیمکانی قسەکردن و وتن بەهرەوەرن. بەڵام جگە لەوە لەم پارچەیەدا بۆ وێنە ئاوێنەکە کاتێ قسان دەکا چەند ڕەگەزی گرینگ دەخاتە ڕوو: هەستی دەستە و تاقم و جەماوەر بوون و یەکانگری؛ ژیان بردنە سەر لە شوێنێکی خۆشدا؛ خاوەن ئاگایی و هەستونەست و شوعوور بوون؛ گەڕان بە پێی خۆ و بینین بە چاوی خۆ و تێگەیشتن. لە دۆخی قەڵەمەکەشدا کاری پژمین کە گەرچی تایبەتیی مرۆڤ نییە، بەڵام کە لە ناو قسە کردنەکەدا هاتووە چەند باری واتادار دەگەیەنێ.

## شێوازی تری کەسایەتیپێدان

لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا جار جار دەبینین ڕاستەوخۆ چەمک، واتا، دیاردەیەکی ماددی بەکەسدەکا و بە هێنانی تاریف و تایبەتمەندییەکی، لە ئاست و قاڵبێکی تردا دەیخولقێنێتەوە: «سیاسەت: گایەکی بەلەسەی چاو سووری تووڕە بوو/هەموومان،مێژوومان بە کەللە و قۆچیەوە بەستبوو» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥١٢/٣). یا وەک ئەوەی دەڵێ: «ئەم خۆشەویستە بزرەم،/تاقانەیە و نە جووتی هەیە و نە جێگر/بە تاقی تەنیا خۆیەتی./دایکم وتی: من لە جیاتی،/وتم: نابێ، من دڵنیام ماوە، ئەوەندەی بۆ گەڕاوم/شوێن لێم وەڕس بووە. ئەوەندەی پرسیارم کردووە، وەڵام/ خۆیم لێ ئەشارێتەوە» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ١٤٨). لەم بەندەدا سیاسەتی لە قاڵبێکی تازەدا خولقاندۆتەوە. شوێن بۆتە مرۆڤێک بە تایبەتمەندیی وەڕسییەوە. وەڵامیش هاتۆتە ڕیزی مرۆڤ بە تایبەتمەندیی خۆشاردنەوەوە. هەروەها جاری واش هەیە ئەم شێوازە لە کەسایەتیپێدان بە ناو دانان و بەسەردا برین پێکدێت؛ وەک ئەوەی دەڵێ: «وڵات ژنێکی داماوی شپرزەی قژ خۆڵاویی/هەمیشە هەڵترووشکاوی بەردەم چادری ئۆردووگا بوو» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٢١٧).

یا وەک ئەوەی کە چەمکێک لە باری ئاسایی خۆی بترازێ و سیفاتی شتێکی تری ماددی یا واتایی پێبدرێ، ئەمیش جۆرێکی تری ئاشنایەتی-سڕییە؛ وەک ئەوەی کە وتوویە: «خۆم بینیم بەم هەردوو چاوانە/لە دەفەی شانیان قوڵەقوڵ ئازادی هەڵئەقوڵی» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥١٦/٣). ئازادی کە چەمکێکی واتاییە کراوە بە ئاو، جموجووڵ و بزاڤی پێدراوە، هەڵقوڵانی وەپاڵخراوە کە تایبەت بە ئاو یا تراوە.



## کەسایەتیدان بە شوێن-کات

زۆرێک لە شوێنەکان، وەک ناوی شار و دێ و کەژ و کێو و شاخوداخ و ڕووبار و کانی و هەروەها زۆرێک لە کاتەکان، وەک شەو، ڕۆژ، مانگ، ساڵ، چرکە، دەقیقە و ... لە شیعری شێرکۆدا کەسایەتییان پێدراوە و لە دەوری ئینسانێکدا هاتوونەتە مەیدان و خۆیان نواندووە. بۆ نموونە: «باڵەکایەتی شۆخێکی/هێندە جوان بوو، هێندە جوان بوو/کاتێ شیعر لە بەردەمیا ڕائەوەستا/وەکوو مانگەشەوی ناو گۆم/چۆن لاڵ ئەبێ و چۆن ئەوق ئەبێ/ئەویش هەروا» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٤٨). لەم بەندەدا «باڵەکایەتی» کراوە بە کیژێکی شۆخ و شەنگ و لەبار و زۆر جوان (بە دوو جار هاتنی عیبارەتی هێندە جوان بوو ئەم تەئکیدە نیشان دراوە)؛ هەروەها لەولاشەوە پێشوبهێنراویش کە مانگەشەوە، شاعیر ئەویشی مرۆڤاندووە و لاڵ و ئەوق بوونی بۆ هێناوە کە دیارە هەر مرۆڤ لاڵ دەبێ. هەروەها باڵەکایەتی دەوری کچێکی خوازبێنیلێکراو دەگێڕێ و حەتتا بە کچی یەزدان دەناسرێ (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٤). یەکێ لەو شوێنانەی کە شاعیر گەلێک دیمەنی جوانیناسانەی بۆ تەرخان کردووە و زۆ جاران مرۆڤاندوویە، هەڵەبجەیە. لە دەربەندی پەپوولەدا هەڵەبجە کەسایەتییەکی پڕڕەنگ و تاموبۆنە و دەوری گەورەی گێڕاوە: «هەڵەبجە ئەمخاتە سەر شانی خۆی» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٣٧/٣). هەڵەبجە هێڵنج دەدا و بەلادا دێت و تووشی وەستانی دڵ دەبێ: «ئەو بەیانییەی هەڵەبجە لە پڕێکدا/هێڵنجی دا و بەلادا هات/دڵی وەستا» (بێکەس، ١٣٩٤د: ٦٠). لە شوێنێکی تردا سیفەتی بوورانەوەی داناوە بۆ گۆڕەپان (بێکەس، ١٣٩٤د: ٩٣). هەڵگورد بە یەکجار هەم دەبێتە کچێک و داواکاری بۆ دەچێ و هەمیش دەبێتە باوکی بووک و دەستی ماچ دەکرێ (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٤). ستۆکهۆڵمیش لەو شوێنانەیە کە لە شیعری شێرکۆدا کەسایەتیی وەرگرتووە و هاتۆتە ڕیزی مرۆڤەوە: «بەیانییە و ستۆکهۆڵم دەستەکانی لە گیرفاندا و/پەنجەکانی پێی تەزیوە و لەبەر بای بەفرا کووڕ بووە و/ئەویش وەک من هەڵئەلەرزێ» (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٦٥/٥). لەم دیمەنەدا شاعیر بە هێزی خەیاڵی خۆی شاری ستۆکهۆڵمی سەرەتا شوبهاندووە بە خۆیەوە و هەردوو لە سەرمادا دەلەرزن و بۆ ئەو شارە کە ئێستا ئیتر هاتۆتە ئاستی مرۆڤێکی وەکوو شێرکۆ بێکەسەوە، دەست و پەنجە و پێ و گیرفان دانراوە و شەختەی جەمسەری باکووری کارێکی پێ کردووە کە دەستی ئاخنیوەتە گیرفانییەوە و پەنجەی پێی لەبەر سەرما سڕ و سست بوون و بە گشتی هەیکەلی خۆی کۆم کردۆتەوە تا بەڵکوو تۆزێک لە تیژی و بڕشتی سەرما کەمتر هەست پێ بکات و بەو حاڵەشەوە دەبینین کە ئەویش لەگەڵ شاعیردا هەر دەلەرزێ.

شێرکۆ بێکەس دیارە شیعری نیشتمانیی ئێجگار زۆرە. ئاوڕ دانەوەی لە نیشتمان چەند قاتی شاعیران و ئەدیبانی ترە و وەک شاعیرێکی نیشتمانی و نیشتمانپەروەر دەناسرێ. گەلێک بە باڵای نیشتماندا شیعری هۆندۆتەوە و تەوسیفی کردووە و لە پیاهەڵدان و لاواندنەوە و وتنەوەی مێژووی نیشتمان و باسکردن لە کۆست و کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانی، ئەوندە هۆنراوە و بەستە و هەڵبەستی داناوە، ڕەنگە

کەم شاعیر و بیرمەند و نووسەر هێندەی شێرکۆ بەرهەمی لەم بابەتەیان هەبێ. لە کۆمەڵە شیعری ئێستا کچێک نیشتمانمەدا دیمەنێکی لە نیشتمان خولقاندووە کە یەکێ لە ڕەهەندەکانی ئەم دیمەنە کەسایەتیدان بە نیشتمانە: «لەسەر جادەی سەهۆڵەکە ڕاوەستام/لە پڕێکدا نیشتمان بە خۆی و کڵاوی ئاڵاکەیەوە/بە خۆی و ڕیکلامی ڕیش و سمێڵ و ئارمی پۆپنەی/نێرێتییەوە، بە خۆی و مەدالیای پڕ هەڕەشەی/سەر سنگییەوە، بە خۆی و شمشێرەکەی ئەی ڕەقیبەوە/بە پەڕی گیڤ و مەغروور تاوسییەوە، کۆمەڵێ/چەکداری چاوزەق چاوزەق، لە پشتییەوە/ سنگدەرپەڕیو، دێتە لام و بە دوو پەنجە/تەوقەیەکم لەگەڵ ئەکات و دەست ئەکا بە/ئارشیفی فەخر لێنیشتووی باخەڵیا و سیدی/سروودێکی تازەی ئەم ڕۆژگارەیم ئەداتێ/ئینجا زەردەخەنەیەک/لە جۆری زەردەخەنەی مسینی/دەستکرد ئەیگرێ وەک پێم بڵێ:/من نیشتمانی تاقانەی هەموو دنیام/ئەوسا ئەڕوا و بە جێم دێڵێ!» (بێکەس، ١٣٩٤ب: ٤١-٤٠). لەم دەقەدا دەبینین نیشتمان لە قەوارە و هەیکەل و هەیئەتی مرۆڤێ/پیاوێکدا دەردەکەوێ، بەم سیمایەوە: ئاڵاکەی لە جێی کڵاو؛ بە ڕیش و سمێڵەوە؛ شمشێری بە دەستەوەیە؛ بادیگارد یاخود پاسەوان و پارێزەری هەیە؛ پێ و دەستی هەیە؛ تەوقە دەکا؛ شانازی دەکا؛ دەماربەرزە؛ گیرفانی هەیە؛ دەست دەکا بە گیرفانیدا؛ سیدیی پێیە کە لە گیرفانی دەریدێنێ و ئەیدا بە کەسێکی تر؛ ئینجا زەردەخەنە دەکا؛ و لە کۆتاییشدا قسەیەک دەکات و دەڕوا. ئەم هەموو تایبەتمەندییە مرۆڤانە/پیاوانەیە لەم دیمەنەدا کە شاعیر خولقاندوویەتی، دراوەتەپاڵ نیشتمان. شێرکۆ بە هەموو بارێکدا نیشتمانی وەرسووڕاندووە و بە چەندان شێوە نواندوویەتی؛ بو نموونە جارێک بە کارەکەر و گەسکلێدەری داناوە: «نیشتمانیش ... هەموو ڕۆژێ لە بەردەمی مێژوویەکی/ بێدەربەستدا، گسکم ئەدا» (بێکەس، ١٣٩٤ب: ١٦).

بۆ نموونەی کەسایەتیدان بە کاتیش دەتوانین ئاماژە بەمانە بکەین: «شەو باوێشکی دا و بە دوایدا/منیش هەروا» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١١٨). سیفەتی باوێشک دان بەس لە مرۆڤدا بەدی دەکرێ. جارێکی تر پاییز وەک دایکی مرۆڤێک دەناسرێ (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٢٢). ئاوەڵناوی وەڕس و بێزار بوون لەوانەیە کە تایبەت بە مرۆڤن و دەبینین لە ڕەوتانەیەکی شاعیرانە و خەیاڵاویدا دراونەتە پاڵ کات: «لەم ڕۆژژمێرەی ئێستەدا/ سەعات لە ڕۆژ/هەفتە لە مانگ/مانگیش لە ساڵ وەڕس بووە!» (بێکەس، ١٣٩٤ب: ١٢-١١).

## کەسایەتیدان بە ڕووەک

«دارستان داری خۆی/بە پەنگ کرد/گوڵ گوڵی ئەکوشت» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥١٣/٣). نموونەیەکی تر دارخورمای بەر ژوورەکەیە کە لە شوێنی تایبەتی خۆی لێکمان داوەتەوە (بڕوانە ژێر سەردێڕی «بنیاتی وتووێژ لە کەسایەتیپێدانی شێرکۆ بێکەس»دا). سوورەچنار و شۆڕەبی لە شیعرێکدا بە شێوەی پرسیار و وەڵام –ئەڵبەت لەگەڵ کەودا – کۆ کراونەتەوە: «سوورەچنارێک ئەیپرسی:/ئەم شۆڕەبییە لەبەر چی سەری خستۆتە ناو کۆشی/ئەو چەمەوە و هەڵینابڕێ؟/کەوێک وتی:/هێشتا قیت بوو/هەموو جارێ بازۆڕییەک/ئەهات و ئەچووە سەر سەری/بە چرپە هەواڵی دنیای ئەوبەر چەمی/پێئەگەیان/ئێوارەیەک بازۆڕییەکە/مژدەی پێبوو/کە نیشتەوە/واشەیەک خۆی پێداکێشا/کەوتە خوارێ/ شۆڕەبی بۆی نووشتایەوە/دەریبێنێ/دەستی نەگەیشتێ...نوقم بوو/ئیتر لەو ساوە ئەم سەری/وا لە نێو کۆشی چەمدایە/و بۆی ئەگەڕێ!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٦٩/١-٥٧٠). وەک دەبینین لەم دیمەنە ناوازەیەدا هەموو ئەندامەکان کەسایەتی و شوناسی ئینسانانەیان وەرگرتووە. لە هەستونەست و لە شۆڕبوونەوە و دانەوین بە مەبەستی کارێک و لە مژدەدان و مژدەوەرگرتن و لە گەڕان بە دوای کەسێ/شتێکدا و چاوەڕوان بوون، هەموو خەسڵەتی مرۆڤانەیە و پێیان دراوە.

## کەسایەتیدان بە دەنگ و ڕەنگ

بێزاری سیفەتێکی تایبەتیی مرۆڤە، دراوەتە پاڵ دەنگ و ڕەنگ: «من لە خۆمدا، لە ناو خۆمدا/ڕەنگم لە دەنگم بێزارە و/دەنگم لە بۆنم بێزارە» (بێکەس، ١٣٩٤ب: ١٣). «شین خۆی ئەکرد بە ناو سەوزا و/زەرد خۆی ئەکرد بە ناو ئاڵدا و/سوور ئەچووە ناو سپییەوە و/کاڵ و تۆخیش نێر و مێ بوون/بە ناو یەکدا ئەشکانەوە» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٥-١٤). هەڵبەت لێرە ئەم ڕەنگانە لە قۆناغێکی خوارتری کەسایەتیپێداندا نیشان دراون و دەوریان گێڕاوە. بەس بوونەتە گیاندار؛ بەڵام ڕەنگی ڕەش لە پلەیەکی سەرتردا نوێندراوە: «بۆ ئەوەی ڕەش/دڵی لە خۆی دانەمێنێ/ بەفر دڵخۆشی دایەوە» (بێکەس، ١٣٩٤د: ١٢١). چونکە خەسڵەتی «دڵ لە خۆ دامان» چیتر سیفەتێکی ئینسانانەیە و بەس مرۆڤ دەتوانێ و بۆی هەیە و دەکرێ دڵی لە خۆی دابمێنێ.

## دەوری کەسایەتیپێدان لە ناوی بەرهەم و شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا

ئەم دیاردە هەر ئەوە نییە کە لە شیعرەکانی شێرکۆدا دیار بێ و ڕەنگی دابێتەوە؛ بەڵکوو دەبینین ناوی هەندێ لە دیوانەکان و کۆمەڵە شیعرەکانی کەسایەتییان تێدایە. شێرکۆ بێکەس خۆی گوتوویە جاری وا هەیە ناوی بەرهەم یا شیعر لە دێڕێکی قەسیدەیەکەوە دێت، جاری

واش هەیە کە ناونیشان هیچ پێوەندییەکی بە ناوەڕۆکی بەرهەم یا شیعرەکەوە نییە (هەینی، ٢٠٠٨: ٢٧٩). لەم بەشەدا چەند نموونەیەک لەوانە دەخەینە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوە. دەفتەری گۆرانییە غەمگینەکان؛ یادداشتی ماکەوێکی ڕەشپۆش؛ ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن؛ ئەم سێ دانە ناوی کۆمەڵە شیعرن. ناوی شیعرەکان نموونەیان زۆرترە؛ وەک: لە کۆمەڵە شیعری تریفەی هەڵبەست: سێ هەڵبەستی تینوو. لە کۆمەڵە شیعری من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێـدا: برووسکەی سروودێکی زامدار. لە کۆمەڵە شیعری کازیوەدا: بۆ شانۆگەرییەکی شۆخ، برسێتییەکی کۆچەر. لە کۆمەڵە شیعری دەفتەری گۆرانییە غەمگینەکاندا: پۆلە ئاوازێکی کۆچکردوو، فورات و چەند گۆرانییەکی غەمگین. لە کۆمەڵە شیعری ئاوێنە بچکۆلەکاندا: لە بیرەوەرییەکانی دارمێوێکەوە. لە کۆمەڵە شیعری مێرگی زام مێرگی هەتاو: هەناسە ساردەکانی گەرمیان، یادداشتی کۆترە کێوییەک، شیعرێکی لاڵ. لە کۆمەڵە شیعری دەیان پۆلە باڵندەی وشە: ئاوازێکی قۆشمە. لە کۆمەڵە شیعری خۆم ئەو وەختەی باڵندەم: مردن بە جلکی سەربازییەوە. لە کۆمەڵە شیعری ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن: هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا، بولبولێکی نەقاش، لێگەڕێن...ئازیزان... لێگەڕێن با ئەو گۆرانییە مەست و غەمگینە هەر بنوێ. لە کۆمەڵە شیعری تەون: مانگێک مرد و هەموو شیعری دنیاش بۆی گریا. ئەمانە نموونەی ئەو ناوانەن (ناوی بەرهەم یا ناوی شیعرەکان) کە ڕەگەزی کەسایەتیپێدانیان تێدا بەدیدەکرێت.

### بنیاتی وتووێژ لە کەسایەتیپێدانی شێرکۆ بێکەسدا

کاتێ شاعیر بە وزەی بیر و خەیاڵ، کەسایەتیدەدا بە شتێ/بێگیان/گیانداری زۆر جار دەبینین ئەیانکا بە دوان یان چەند دانە و وتوێژێکیان لە نێواندا ڕێکدەخات. لە ئاقاری زمان و وێژەدا تەنیا ئەوەی کە شیاوی بانگکردن بێ، بانگدەکرێ؛ واتە گیانداری خاوەن هزر، کە مرۆڤە. بەشێ لەم بانگێشتانە دەگەڵ ڕێ و شوێنگەلی شاعیرانەدا کە خواستنی درکاوی پێدەڵێن، یەک دەگرنەوە، چونکا بنیاتی هەردوو لەسەر ئینسانشێوەیی و گیاندار خوازییە (کزازی، ١٣٩٣: ٢٣٠). وتووێژەکان جار جار بە یارمەتی وشەی وتم/وتی یا یەکێ لە هاوڕەگەزەکانی (ئەڵێ و ...)، جار - جاریش بە شێوەی ڕاستەوخۆ و شانۆیی ڕێک دەخرێ. وەک وتووێژی نێوان حاجی لەقلەق و پەپووسڵێمانە: «لە دووڕیانی هەوایەکدا حاجی لەقلەقێک و/پەپووسلێمانکەیەک بە یەکتری گەیشتن. ئەویان/بەرەو باشوور و ئەمیان بەرەو باکوور ئەڕۆیشتن/پەپووسلێمانکەکە لە حاجی لەقلەقی پرسی: ئۆغر/نیازت کوێیە؟ ئەویش وتی: بەرەو خوار بۆ/حەج! پەپووسلێمانکەکە پێی وت: حاجی! حەجی/ئێمە ئێستا لە کانیعاشقانە و لە گردی گوڵانە و/لە شارەکەی هەڵەبجەیە!» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ٩٦). یا وەک شیعری پرس لە کۆمەڵەشیعری کازیوەدا: «بە داسم وت:/لەبەر چی وا کۆم بوویتەوە؟/وتی:/لە دروێنەدا وام لێهات./کە بە هەڵەکۆکیشم وت:/تۆ بۆچی وا تەمەنکورتی؟/وتی: بۆچی لە دوای بەفر ژیان تامی تیا ئەمێنێ؟/کە بە تاقتاقکەرەیشم وت:/تۆ بۆ نانوی؟/وتی: نەوەک دڵدارەکان/وابزانن ئێشکیان ناگرم!/بە دوا هۆنراوەی خۆیشم وت:/ئەی تۆ بۆچی ئاوا گڕت تێبەربووە؟/وتی: نەبادا قەقنەسیش/وابزانێ هەژارەکان بێهاودەمن!» (بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٦١/١).

بۆ نموونەی ڕاستەوخۆ و شانۆیی، وتووێژی شاعیر و دارخورمای بەر ژوورەکەی زۆر هێژایە کە پێشتر لێکمان دایەوە (بڕوانە سەردێڕی «کەسایەتیپێدان لە قاڵبی چینەکانی کۆمەڵگادا: چینی هەژار و بێئەنوا»). لەم وتوێژەدا چیدی نەیوتووە: دارخورما وای وت یا وا وەڵامی دایەوە، بەڵکوو دوای هێنانی ڕستەی شرۆڤەیی (پەلێکی هاتە ژوورەوە)، بە هێڵێک پیشانی داوە کە ئەمە قسە و بۆچوون یان وەرامی دارخورماکەیە.

جاری واش هەیە کە ئێمە وەڵامێک بۆ وتنەکە نابینین و نابیسین، بەڵکوو بە تەنیا وتنەکە دەرکەوتووە و ئەو لایەنەکەی تر هیچ تێبینی و دواندن و بێژەیەکی نەدرکاندووە. بۆیە دەتوانین ئەم تاقمە هەر لە ژێر سەردێڕی وتنـــدا دیاری بکەین و بیگونجێنین. لەم بوارەدا ئاویش لەوانەیە کە دەگەڵ هەندێ دیاردەی تری سروشتیدا کەوتووەتە وتن و قسەکردن و لە چوارچێوەی کەسایەتیپێدانێکی هونەرمەندانەدا چەندین فاکتۆری مرۆڤانەیان بەسەردا بڕاوە: «ئاو وتی: مەگەر من کەم شەرم لەسەر تۆ کردووە ئەی سێوی بێوەفا!/وا ئێستە خەریکی بە قسەی/بایەکی بێگانە/هەر هەموو ڕابوردووم لە بیر کەی!/ مەل وتی: مەگەر من لەبەر تۆ/ئاسمانم تەی نەکرد؟ کەم فڕیم بە شوێنتا/ئەی جووتی بێوەفا!/وا ئێستە خەریکی بە قسەی باخێکی دووزمان/هەر هەموو ڕابوردووم لە یادکەی؟!/خەم وتی: مەگەر من/لەبەر تۆ شاعیری بێوەفا!/هەزار جار نەسووتام/بۆت نەبووم بە هەور و هەزار جار/بەسەرتا نەگریام؟/وا ئێستە خەریکی بە قسەی/یەک بزەی درۆزن،/یەک نەشئەی تەمەنکورت/ یەک ماچی سەرەڕۆی بەهارێ/هەر هەموو تەنیایی و نامۆییم لە یاد کەی/ئەی وشەی بێوەفا!» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ٥١-٥٢). لەم دیمەنەدا هەموو یا زۆربەی هەرەزۆری شتەکان سروشتی-ماددین و هێنراونەتە ڕیزی مرۆڤ: ئاو، سێو، با، مەل/جووتەکەی، باخ. بێجگە لەمانە، خەم، بزە، نەشئە، ماچ و وشە دیاردە و چەمکی واتایین. ئینجا بۆ هەر یەک لەمانە کە هاتوونەتە ڕیزی مرۆڤ و کەسایەتیان پێبەخشراوە، تایبەتمەندییەک دانراوە کە نیشاندەر و نوێنەری کەسایەتییەکەیانە؛ بۆ ئاو، وتن، شەڕکردن و لایەنگریکردن؛ بۆ سێو بێوەفایی کە تایبەتمەندییەکی سۆزدارانە و عاتیفی و پڕتینە؛ بۆ با بێگانەیی؛ بۆ مەل وتن؛ بۆ جووتەکەی بێوەفایی و لەیادکردن؛ بۆ باخ دووزمانی کە سیفەتێکی نەرێنی و تایبەت بە مرۆڤە. لە واتاییەکانیش هەر یەک خەسڵەتێکیان بۆ هاتووە: بۆ خەم وتن و گریان؛ بۆ بزە درۆزنی؛ بۆ نەشئە تەمەنکورتی بەڵام تایبەت بە مرۆڤ نییە و لێرە بە نیشانە بۆ مرۆڤ تەرخان کراوە؛ بۆ ماچ سەرەڕۆیی کە زۆرتر خەسڵەتێکی ئینسانە؛ بۆ وشە بێوەفایی و لەیادکردن.

دیمەنێکی تر هەر لەوێنەی ئەمەی پێشوو بە نموونە لێکدەدەینەوە: «چاوی تۆم نیشانی شیعرێ دا/وتی: ئاخ ئەبوایە ئەو لە ناو مندا بێ/ دەمی تۆم نیشانی باخێ دا/وتی: ئاخ ئەبوایە ئەو لە ناو/بەرزایی چڵدا بێ/پەنجەکانم نیشانی تارێ دا/وتی: ئاخ ئەبوایە ئەو لەسەر ژێکانی/دڵم بێ/گەردنتم نیشانی زێیەک دا/وتی: ئاخ ئەبوایە قەڵبەزەی دەنگم بێ/ئەو دەمەی باڵات و هەر هەموو جوانیتم/بە ڕووتی/نیشانی دواڕۆژ دا/ وتی: ئاخ خودایە!/با مردن بمرێت و ئەو نەمرێ» (بێکەس، ١٣٩٤ج: ٣٥). بە کورتی دەکرێ بڵێین دوو کۆمەڵە شیعری ئێستا کچێک نیشتمانمە و کتێبی ملوانکە سەرتاپا سیخناخن لە دیمەنی قسە کردن و وتنی ئامێر و شتە بێگیانەکان. بەرینترین سیفەتی ئینسانی لەم دوو دیوانەدا قسەکردن و وتنە. لە کەنار ئەوەدا سیفەت و تایبەتمەندیی مرۆڤانەی تر زۆر بهدیدەکرێ کە باری کەسایەتیپێدانە خەیاڵاوییەکان چڕتر و خەستتر دەکاتەوە.

## ئەنجام

لە ناو ئەندام و ڕەگەزەکانی ئاشنایەتیسڕیی واتاییدا ڕەگەزی خواستن بە چەقبەستنی کەسایەتیپێدان لە پانتاییەکی زۆرتردا جێی سەرنجی شێرکۆ بێکەس بووە. پێوەندیی سۆزدارانەی دەگەڵیان ساز داوە.

شاعیر بۆ نواندن و دەربڕینی تاسە و مەراقی خۆی بۆ نیشتمان و وڵات و خەڵک و ... لەگەڵ شتانی بێگیاندا هەمزاتپنداری کردووە و بەم ئامرازە هونەرییە گەرچی واتا لە نێو توێژەکاندا شاردراوەتەوە و هەر بەم بۆنەوە درک کردنی تۆزێ درەنگ دەبێ، بەڵام لە ئاکامدا لەبەر دۆزینەوەی پێوەندیی تازە لە تەوەری هاونشینیی وتەوە، دیمەنی خواستنیەتی تازەتر و زۆرتری ئافراندووە و خوێنەری سەرسام کردووە.

شێرکۆ بێکەس بە دەستتێوەردان لە ئاقاری واتایی وشە و وتە و دەرپەڕاندنی وشەکان لە شوێن و واتا و باری ئاسایی خۆیان، دەستیداوەتە کاری ئافراندنەوە و خولقاندنەوەی چەمک و واتاکان.

دەتوانین کەسایەتیپێدانەکانی شێرکۆ بێکەس ئاوا دەستەبەندی بکەین: کەسایەتیدان بە دیاردەی ماددی-هەستی؛ کەسایەتیدان بە دیاردەی واتایی-ئینتزاعی؛ کەسایەتیپێدان لە ڕێگەی بانگهێشتەوە؛ کەسایەتیپێدان لە قاڵبی چینەکانی کۆمەڵگادا؛ کەسایەتیپێدان لە ناوی بەرهەم و ناوی شیعرەکاندا. هەروەها وتووێژ وەک بنیاتێکی سەرەکی لە کەسایەتیپێدانی شێرکۆدا دێتە ئەژمار. هەندێ بابەتی تر بە شێوەیەکی بەرچاوتر و زەقتر و زۆرتر لە کەسایەتیپێداندا بە کاری هێناوە؛ وەک کەسایەتیدان بە شوێن/کات و گژ و گیا و دار و دەوەن.

دیارترین خەسڵەتی کەسایەتیپێدانەکان ئەوەیە کە لە سنووری ئاسایی بوون تێپەڕیوە و ئاسۆی هزر و خەیاڵی باوی بەزاندووە و بە ناخی شتەکاندا ڕۆچووە و مرواری و گەوهەری ناوازەی ڕاو کردووە.

زۆرینەی کەسایەتیپێدانەکان ماددی-سروشتی بوون و ڕەگەزی سروشتی زۆرترین ڕێژەی کەسایەتیپێدانی بەرکەوتووە و لە زۆرینەی نموونەکانی ئەم هونەرەدا ئەو ڕەگەزە زاڵەی شێرکۆ بێکەسی تێدا بەدی دەکرێ.

لە ژێرەوە پوختەی بابەتەکان بە خشتە ڕانراوە:


خشتەی ١: کەسایەتی دان بە دیاردەی ماددی-سروشتی و ئینتزاعی-واتایی
٤٢٥,
٤٢٠,
٤١٥,
٤١٠,
٤٠٥,
٤٠٠,
٣٩٥,
٣٩٠,
٤٢٠,
٤٠٠,
ماددی - سروشتی
ئینتزاعی-واتایی
٥٠٠


خشتەی ٢: ڕێژەی کەسایەتی پێدان بە پێی بابەت
٤٤٠,
٤٢٠,
٤٠٠,
٣٨٠,
٣٦٠,
٣٤٠,
٣٢٠,
٣٠٠,
٤٢٠,
٤٠٠,
٣٨٠
٣٥٠
ڕەگەزی سروشتی (ئاو، ڕووبار، زەریا، کەژوکێو، دار و گژ و گیا، مانگ، هەور، ئاسمان، دەنگ و ڕەنگ)
گیانداران (کۆتر، کەو، چۆلەکە، سەمەندەر، ئەسپ، تاق-تاقکەرە، ...)
شیعر، بیر و ئەندێشە، مەرگ، دڵ، گۆرانی، ئاواز، غەریبی، تەنیایی، بێکەسی، شوێن/کات، نارەزایی، خەوتن، وتن، ویستن، زوڵم، باو)
کەرەسەی خوێندن (کتێب، کاغەز، قەڵەم)؛ خواردەمەنی
٥٠٠

## سەرچاوەکان

### کوردی

ئەحمەدحسێن، جەبار. ٢٠٠٨. ئیستاتیکای شیعری کوردی کوردستانی ئێراق ١٩٥٠-١٩٧٠. چاپی یەکەم. سلێمانی: سەردەم.

سڵێوەعیسا، هاوژین. ٢٠٠٩. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا. چاپی یەکەم. سلێمانی: سەردەم.

بێکەس، شێرکۆ. ٢٠٠٦. دیوان. ٦ بەرگ. کوردستان.

ـــــــ ١٣٩٤ئەلف. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە. چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤ب. ئێستا کچێک نیشتمانمە.چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤ج. تۆ ئەتوانی بە قومێ ماچ بمخەیتەوە هەڵقوڵین.چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤د. تەون.چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤هـ. حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک. چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤و. خێرا کە مردن خەریکە بگات. چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤ز. ڕووبار. چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤ح. زێ و زنە. چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

ـــــــ ١٣٩٤ط کتێبی ملوانکە. چاپی یەکەم. تهران: آریوحان.

عەبدوڵامستەفا، ئیدریس. ٢٠١١. لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکیی کوردیدا (بە نموونەی حەمدی و حاجی قادری کۆیی). هەولێر: ئاکادیمیای کوردی.

هەینی، شێرزاد. ٨٠٠٢. ٥٥٩ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، هەڤپەیڤین. کوردستان: نما.

### عەرەبی

ابن الأثیر، ضیاءالدین.١٩٧٣. المثل السائر فی أدب الکاتب و الشاعر. ج٢.تقدیم أحمد حوفی و بدوی طبانة. ط.٢. القاهرة: دارنهضة مصر.

أبوالعدوس، یوسف. ١٩٩٧. الاستعارة فی النقد الأدبی الحدیث. الطبعة الأولی. أردن-عمان: الأهلیة.

ابن معصوم المدنی، سید علی صدر الدین. ١٩٨٦. أنوار الربیع فی أنواع البدیع. ٧ مجلدات. تحقیق شاکر هادی شکر. نجف الأشرف: مطبعة النعمان.

الجرجانی، عبدالقاهر. ٢٠١٤. أسرار البلاغة فی علم البیان. تحقیق د. محمد الإسکندرانی و د. م. مسعود. بیروت: دارالکتاب العربی.

الراغب، عبدالسلام أحمد. ٢٠٠١. وظیفة الصورة الفنیة فی القرآن الکریم. الطبعة الأولی. حلب: فصلت.

السد، نورالدین. ١٩٩٧. الأسلوبیه و تحلیل الخطاب. ج ١. الجزائر: دار الهومه.

السکاکی، ابو یعقوب یوسف بن أبی بکر بن محمد. ١٩٨٢. مفتاح العلوم. تحقیق أکرم عثمان یوسف. بغداد: دار الرسالة.

ضیف، شوقی. ١٩٧٦. فی النقد الأدبی. ط.٤. القاهرة: دارالمعارف.

ـــــــــ ١٩٨٧. الفن و مذاهبه فی الشعر العربی. الطبعة الحادیة عشرة. القاهرة: دار المعارف.

عبدالعزیز قلقیلة، عبده. ١٩٩٢. البلاغة الاصطلاحیة. الطبعة الثالثة. القاهرة: دار الفکر العربی.

ماحوزی، مهدی؛ امیرخانلو، محبوبه؛ ماحوزی، امیرحسین؛ طاووسی، محمود. ٢٠١٨. «القلب و الروح فی قصائد شمس الغزلیة مع عنایه خاصه بصنعه التشخیص دراسه موازنه». مجلة إضاءات نقدیة. السنة الثامنة، العدد الثلاثون، صیف ٢٠١٨. صص ٥٥-٨٤.

مطلوب، أحمد. ٢٠٠٧. معجم المصطلحات البلاغیة و تطورها. طبعة جدیدة. بیروت: مکتبة لبنان ناشرون.

**فارسی**

ابن الرسول، سید محمدرضا؛ حسینی، سید محمدهادی. ١٣٩٣. «جلوه‌های تشخیص در تشبیه». مجله مطالعات زبانی بلاغی. سال پنجم. شماره دهم. صص ٧-٢١.

احمدی، عبدالحمید؛ عبدالله‌زاده، فؤاد؛ نارویی، سه‌عید. ١٣٩٨. «آشناییزدایی در شعر اسلامی معاصر (بررسی موردی: آرایه تشخیص در شعر هاشم هارون رشید)». مجله پژوهشنامه ادب اسلامی. دوره اول. شماره اول. بهار و تابستان ١٣٩٨. صص٣٩-٥٦.

سجادی، بختیار. ١٣٩٥. فرهنگ اصطلاحات تخصصی نقد و نظریه ادبی (انگلیسی-کردی-فارسی). طرح پژوهشی. سنندج: دانشگاه کردستان.

شفیعی کدکنی، محمدرضا. ١٣٧٥. صور خیال در شعر فارسی. چاپ ششم. تهران: آگاه.

شمیسا، سیروس. ١٣٨١. بیان و معانی. تهران: انتشارات فردوس.

ـــــــــ ١٣٩٣. بیان و معانی. چاپ چهاردهم از ویراست دوم. تهران: میترا.

شوکولوفسکی، ویکتور. ١٣٩٢. هنر همچون فرایند. در نظریة ادبیات متنهایی از فرمالیستهای روس. تزوتان تودوروف. ترجمة عاطفه طاهایی. چاپ دوم. تهران: دات.

کزازی، میر جلال الدین. ١٣٩٣الف. زیباشناسی سخن پارسی ١ بیان. چاپ یازدهم. تهران: نشر مرکز.

ـــــــــ ١٣٩٣ب. زیباشناسی سخن پارسی ٢ معانی. چاپ دهم. تهران: نشر مرکز.

کروچه، بندتو. ١٣٤٤. کلیات زیباشناسی. ترجمه فؤاد روحانی. تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب.

محمدی، علی؛ زارعی، جمیله. ١٣٨٨. «بررسی و تحلیل آرایه تشخیص در سروده‌های قیصر امینپور». فصلنامه زبان و ادب پارسی، شماره ٤١، پاییز ٨٨. صص ١٠٥-١٢٧.

محمدی آسیابادی، علی. ١٣٨٥. «فرافکنی و شخصیتبخشی در شعر حافظ». مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تربیت معلم. شماره‌های ٥٢ و ٥٣. صص١١١-١٣٤.

المطعنی، عبدالعظیم إبراهیم محمد. ١٣٨٨. ویژگیهای بلاغی بیان قرآنی. ترجمه سیدحسین سیدی. چاپ ١. تهران: سخن.

میرصادقی، (ذالقدر) میمنت. ١٣٧٦. واژه‌نامه هنر شعر و شاعری. چاپ چهارم. تهران: کتاب مهناز.

نقابی، عفت. ١٣٨٠. « بررسی عنصر تشخیص در سروده‌های کمال الدین اسماعیل ». مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تربیت معلم. ش.٣٢.

یمین، محمدحسین. ١٣٧٨. «تشخیص از دیدگاه زبانشناسی». نامه فرهنگستان. شماره ١٤. صص ٨٣-٩١.

## Bibliography

Abd Al-Aziz Qolayqela, A. (1992). Al-balagha al-estelahiyya. T3. Al-Qaherah: dar al-fekr al-arabi.

Abol'adoos, Y. (1997). Al-Este'are fi al-naqd al-adabi al-hadith. T1. Ordon-Amman: al-ahliyah.

Ahmadi, A.; Abdollahzadeh, F.; Narooyi, S. (1398). "Ashnayizedyi dar she'r eslami mo'aser (Barresi moredi: araye tashxis dar she'r Hashem Haroon Rashid)". Pajooheshhaye adab eslami. D1. Sh1. Bahar w tabestan 1398. Ss 39-65.

Al-Mat'ani, Abd Al-Azim Ebrahim M. (1388). Wijegihaye balaghi bayan qorani. Tarjame Sayyed Hodein Sayyedi. Ch1. Tehran: soxan.

Al-Ragheb, Abd-Al-Salam A. (2001). Wazifat al-soorat al-fanniyah fi Al-Qoran al-karim. T1. Halab: fosselat.

Al-Sadd, N. (1997). Al-osloobiyah w tahlil al-xetab. J1. Al-jaza'er: dar al-hoomah.

Al-Sakkaki, Aboo Ya'qoob Yusef bin Abi Bakr bin Mohammad. (1982). Meftah al-oloom. Tahqiq Akram Osman Yusef. Baghdad: dar al-resalah.

Ibn Rasool, Sayyed M.; Hoseini, Sayyed M. (1393). "Jelvehaye tashxis dar tashbih". Majalla Motale'at zabani balaghi. S5. Sh10. Ss 7-21.

Ibn-Al-asir, Z. (1973). Al-Masal al-sa'er fi adab al-kateb wa al-sha'er. J2. Taqdim Ahmad Hofi & Badawi Tabbaneh. T2. Al-Qahera: Dar nahzat Mesr.

Ibn-Al-Ma'soom Al-Madani, Sayyed Ali S. (1986). Anwar al-rabi' fi anwa' al-badi'. 7m. tahqiq Hadi Shaker Shokr. Najaf: matba'et No'man.

Jakobson, R. (1988). ''The Dominant", in Newron, K.M (ed) Twentieth Century Literary. London: Macmillan.

Kazzazi, M. (1393). Zibashenasi soxan parsi 1 bayan. Ch11. Theran: markaz.

Kazzazi, M. (1393). Zibashenasi soxan parsi 2 ma'ani. Ch10. Theran: markaz.

Krooxhe, B. (1344). Koliyat zibashenasi. Tarjama Foad Roohani. Tehran: bongah tarjama w nashr ketab.

Mahoozi, M.; Amirxanloo, M.; Mahoozi, A.; Tawoosi, M. (2018). "Al-qalb wa al-rooh fi qasa'ed Sams al-ghazaliyah ma;a enaya xassa bi san'at al-tashzis derasa movazena". Majalla Eza'at naqdiyah. s8. A30. Sayf 2018. Ss 55-84.

Matloob, A. (2007). Mo'jam al-mostalahat al-balaghiyah wa tatawworha. Tab'a jadidah. Bairoot: maktabat Lobnan Nasheroon.

Mohammadi Asiabadi, A. (1385). "Farafekani w shaxsiyatbaxshi dar she'r Hafez". Majalle daneshkade adabiyat w oloom ensani. Daneshgah tarbiyat mo'allem. Sh.52&53. Ss111-134.

Mohammadi, A.; Zare'i, J. (1388). "Barresi w tahlil araye tashxis dar sroodehaye Qaysar Aminpoor". Faslname zaban w adab farsi. Sh41. Payiz 88. Ss 105-127.

Shafi'I Kadkani, M. (1375(. Sovar xiyal dar she'r farsi. Ch6. Tehran: Agah.

Shamisa, Siroos. 1381. Bayan w ma'ani. Tehran: ferdows.

Shamisa, S. (1393). Bayan w ma'ani. Ch14. Virast 2. Theran: mitra.

Zaif, S. (1976). Fi al-naqd al-adabi. T4. Al-Qaherah: dar al-ma'aref.

Zaif, S. (1987). Al-fann wa mazaheboh fi al-ahe'r al-arabi. T11. Al-Qaherah: dar al-ma'aref.